
دێمۆکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی پووشپەڕی ١٣٨١ ٦ی ژوئیەی ٢٠٠٢ ژمارە ٣٤٤ ١٥٠ تمەن



## لە بەرەبەری سیهەمین سالرۆژی هێرشی خویناوی بۆ سەر خویندکاراندا

پەلاماری خویناویی بەکریگیراوانی هیزی تایبەتی پەیرەوی ویلایەت (نیروی ویژه پیرو ولایت) بۆ سەر خویندکاران لە "کوویی زانستگە"ی تاران لە ١٨ی پووشپەری ١٣٧٨دا کە خۆپیشاندانو نارەزایەتی دەربرینی بەرینو چەند رۆژەی لی کەوتەوە، پەلەیەکی رەشی دیکە بوو بە نیوچاوانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە. دەسەڵاتدارانی ریژیم ئەوکات ویرای سەرکوتی خۆپیشاندانەکان بەلینیان دا هیرشکەرانو تاوانبارانی ١٨ی پووشپەر سزا بدەن. ئیستا کە خەریکە پێ دەنیینە سیهەمین سالرۆژی ئەو رووداوە، بەریوەبەرانو ریکخەرانو بەشدارانی پەلامارەکە بە بێ تاوان ناسراونو هەروا کاربەدەستو دەمراستی کۆماری ئیسلامیین، بەلام "ئەحمەد باتبی"و "اکبر و منوچهر محمدی"و دەیان خویندکاری دیکە کە ئەوکات هاتنە سەر شەقامەکانو دژی ئەو پەلامارە دەنگیان هەلبری، هەروا لە زیندانو لەژیر ئەشکەنجە دان. کاربەدەستان ئەمسالیش بۆ پیشگیری لە تەقینەوەی رقو توورەیی خەلك لە بەرەبەری ١٨ی پووشپەردا، بە درۆ رایان گەیاندوە خویندکارانی زیندانی ئازاد دەکەن.

## سەردانی هەیئەتی نوینەرایەتیی کۆمەڵە لە دەفتەری سیاسیی حیزب





سەعات ١٠ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ٥ی پووشپەڕی ١٣٨١ هەیئەتێکی رێبەرایەتیی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز عومەر ئیلخانی‌زادە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان کردو لە لایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە بەگەرمی پێشوازی کران.

هەیئەتی میوان بریتی بوون لە بەڕێزان عومەر ئیلخانی‌زادە، خانم جەمیلەی رەحیمی، عەبدوڵڵا کۆنەپۆشی، عەبدوڵڵا عەزیمی‌و تالیب یووسفی. هەیئەتی خانەخوێش پێك هاتبوون لە هاوڕێیان: عەبدوڵڵا حەسەن زادە، حەسەن رەستگار، حوسێن مەدەنی، مستەفا هیجری، حەسەن شەرەفی‌و مستەفا مەولوودی ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و سمایل بازیارو عوسمان رەحیمی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی‌و لقمان مێهفەڕو موعتەسەم نوورانی ئەندامانی جێگری کومیتەی ناوەندی.

لە ماوەی زیاتر لە ٥ سەعات باس‌و دیداری دۆستانەدا دوو هەیئەت باسی وەزعی ئێستای کوردستان‌و ئێران، رووداوەکانی ئەم دوایانەی ئێران‌و ناوچە، دوورە دیمەنی وەزعی وڵات‌و لە هەمووان گرنگتر پێوەندیی نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان‌و سەرانسەری ئێرانیان کردو هەردوولا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر جۆرە پیشهاتیکی کوردستان‌و ئیران، دۆستایەتی‌و نیزیکی‌و هاوکاریی هیزە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆنیان بە پیویست زانی. هەر بۆیەش لە سەر ئەو باوەرە بوون کە ئەم جۆرە دیدارانە لەو نیوان ئەم دوو لایەنەو هیزە سیاسی‌یەکانی دیکەی کوردستان‌و ئیراندا پیویست‌و بە سوودن‌و دەبێ لە مەودوا بە ریك‌و پیکی دریژەیان پێبدرێ.

## کارەساتی ئینسانی بە هۆی بوومەلەرزەوە

بوومەلەرزەیەك کە توندی‌یەکەی ٦و سێ دەیەمی ریشتێر بوو، بەرەبەیانیی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ ناوچەکانی دەورووبەری شارستانی "بوئین زەهرا"ی لەرزاندەوەو زیانی زۆری گیانی‌و ماڵیی بە هاونیشتمانان گەیاند.

ناوەندی بوومەلەرزەکە شارۆچکەکانی "ئاوەج"و "ئابگەرم" سەر بە شارستانی "بوئین زەهرا" بوو کە یەکەمیان لە ١٤٩ کیلومیتریی جنووبی ڕۆژئاوای قەزوین‌و دووهەمیان لە ١٢٠ کیلومیتریی جنووبی ئەو شارە هەڵکەوتوە.

٦٠ دێی ناوچەی بوومەلەرزە لێدراو سەدی ٥٠ تا ١٠٠٪ زیانیان پێگەیشتوە. بەو هۆیەوە کە خانووەکانی گوندەکانی ئەو ناوچەیەش وەك زۆربەی دێهاتی ئێران لە قوڕو خشتی گڵ دروست کراون، لە بەرامبەر بوومەلەرزەدا خۆیان نەگرتوە.

بە پێی دوایین ئامار کە لەبارەی قوربانی‌یەکانی ئەو بوومەلەرزەیە بڵاو بۆتەوە، لە ئوستانی قەزوین ٢٢٦ کەس، لە ئوستانی هەمەدان ٤ کەس‌و لە ئوستانی زەنجانیش ٥ کەس گیانیان لەدەست داوە. زیاتر لە ١٥٠٠ کەس بە هۆی ئەم بوومەلەرزەیەوە بریندارو ٢٥٠٠٠ کەسیش ماڵوێران‌و ئاوارە بوون کە لە ئوستانەکانی قەزوین، هەمەدان‌و زەنجان چادریان بۆ هەڵدراوە.

بەرپرسان‌و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەك زۆربەی جارەکان کە ئەو جۆرە رووداوانە دێنە پێش، بە درەنگەوە دەست بەکار بوون‌و زۆر بەکاوەخۆ چادرو دەرمان‌و خواردەمەنییان بۆ بوومەلەرزەلێدراوان نارد. هەربۆیە کاتێك "موسەویی لاری" وەزیری نێوخۆ سەردانی ناوچەکەی کرد، گوندنشینە لێقەوماوەکان ماشێنەکەیان بەردباران کرد.



**بە بۆنەی روودانی ئەم کارەساتە ئینسانی‌یە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانی‌یەکان دەکەین‌و چابوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکان بە ئاوات دەخوازین. هیواداریـن بە هاودەردی‌و هاوکاریی هەموو هاونیشتمانان‌و مرۆڤدۆستەکانی جیهان، بوومەلەرزە لیدراوان، ماڵ‌و گوندەکانیان بۆ بنیات بنریتەوە.**

## لەم ژمارەیەدا

ئایا لە کوردستاندا بۆشایی حیزبی سیاسی هەیە؟ ٢

سەفەری ئەم دوایانەی سەرۆك کۆماری تورکیە بۆ ئێران لە نێوان رێککەوتن‌و درڕدۆنگی‌دا ٢

هەڵوێستی نوێی ئەمریکا سەبارەت بە عەرەفات ٤

مەوادی موخەددیر؛ هۆیەکانی سەرهەڵدان‌و پەرەسەندنی ٥

هەنگاوێکی دیکە بەرەو بەهێزکردنی دیکتاتۆریی وەلیی فەقیە ٨

دێمۆکراسی‌و وەلیی فەقیە" ٨

وتووێژی نهێنی لەگەڵ ئەمریکا ٩

ژنان لەنێو بازنەی ڕەشی‌و ژیان شێوێنی مادە بێهۆشکەرەکاندا ٩

ئەیدز پڕمەترسی‌ترین نەخۆشیی دنیای ئەمڕۆ ١٠

چەند هەواڵ‌و ڕاپۆرتی وەرزشی ١١

## هەڵاتنی چوار کاربەدەستی ئیتلاعاتیی کۆماری ئیسلامی بۆ دانمارك

چوار مەئمووری پلە بەرزی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئیران بە شیوەیەکی زۆر نهینی خۆیان تەحویلی دەولەتی دانمارك داوە، ئەوان زۆر بەلگەنامەی نهینی‌یان لەسەر کارو کردەوەی بەشی نهینیی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئیران تەحویلی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە داوەو هەروەها شیوەو چۆنیەتیی کارکردنی جاسووسانی کۆماری ئیسلامی لە سکاندیناوییان ئاشکرا کردون. ئەو چوار کەسە لە مانگی مارس‌دا لە ریگەی تورکیەو ئالمانەوە هاتوون بۆ دانمارك.

دیپلوماتیکی پیشووی ئیران کە بە ناوی نهینی (خوازراوەوە) لە دانمارك دەژی دەلی: بەلگەنامەکان نیشان دەدەن کە گرووپە جاسووسی‌یەکانی نیشتەجێ لە دانمارك چۆن‌و بە چ شیوەیەك لەگەڵ دەزگای جاسووسیی کۆماری ئیسلامی هاوکاری دەکەن.

لەنیو بەلگەنامەکاندا ناوی ئەو کەسانە هەن کە لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەستووری تیرۆریان دراوە کە لە هەمووانیان گرنگتر ئەمانەن:

١ـ رەزا پەهلەوی کوری شای پیشووی ئیران،٢ـ نەفەریك کە ناوەکەی نەهاتوەو سایتیکی ئینتیرنیتی دروست کردوە بۆ دانی هەواڵ‌و زانیاری لەبارەی ئیران‌و کۆماری ئیسلامی بەو کەسانەی کە لە ئیران هەڵاتوون‌و لە دەرەوەی وڵات دەژین. ٣ـ عەلیرەزا نووری زادە رۆژنامەنووس، دانیشتووی لەندەن کە چەندین سالە دژی کۆماری ئیسلامی تیکۆشانی هەیە.

سەرچاوە: رۆژنامەی سوئیدیی EXPRESSEN ٢٠٠٢/٦/٢٤

## خۆپیکدادانی دوو فرۆکە لە ئاسمانی ئەلماندا





رۆژی سێ شەممە ٢ی ژوئیە (١١ی پووشپەری ٨١) فرۆکەیەکی بار هەلگری "بوئینگ ٧٥٧"و فرۆکەیەکی نەفەر هەلگری رووسیە "توپولوف ١٥٤" لە ئاسمانی شاریکی جنووبی ئەلمان (ئۆیبیر لینگین)، خۆیان پیك داداو لە ئاکام‌دا ٧١ کەس گیانیان لەدەست دا.

فرۆکە بارهەلگرەکە دوو کەسی تیدا بوو. لەنیو موسافیرانی فرۆکە رووسی‌یەکەش‌دا ٥٤ منداڵ‌و میرمنداڵ هەبوون کە بۆ سەفەریکی توریستی دەچوونە ئیسپانیا. بەمجۆرە لە ئاکا می کەمتەرخەمی‌و هەلەی یەکیك لە فرۆکەوانەکاندا (کە بەرپرسانی ئەلمانی فرۆکە رووسی‌یەکەیان بە بەرپرسی رووداوەکە زانیوە)، گەشتی خۆشیی دەیان منداڵ بوو بە سەفەری مەرگ.

## سەبارەت بە تەئییدی بۆچوونەکانی دوکتور شەریعەتی





## هاشم ئاغاجەری بانگ کرا بۆ "دادگا"

رۆژی ١١ی پووشپەر کاربەدەستانی قەزایی ئوستانی هەمەدان رایان گەیاند کە داوایان لە "هاشم ئاغاجەری" کردوە خۆی بە دادگا بناسینێ. تاوانی ناوبراو لەروانگەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی‌یەوە "بێحورمەتی بە موقەددەسات" راگەیەندراوە.

"هاشم ئاغاجەری" مامۆستای زانستگەو یەکیك لە ئەندامانی ریزی پیشەوەی "ریکخراوی موجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی" سەرەتای مانگی پووشپەر، لە "یانەی مامۆستایانی هەمەدان" لە کۆری ریز گرتن لە دوکتور عەلی شەریعەتی‌دا قسەی کردبوو. لە قسەکانی‌دا تەئییدی بۆچوونەکانی دوکتور شەریعەتی کردبۆوەو گوتبووی لە دینی ئیسلام‌دا وشەی "روحانی" بە ماف‌و ئیمتیازی تایبەتی‌یەوەمان نیەو لەنیوان روحانی‌و زانایانی ئایینی‌دا جیاوازیی دانابوو. ئاخوندە دەسەلاتدارە پاوانخوازەکان ئەم قسەیەی ناوبراویان قۆزتەوەو شەپۆلیکی بەرینی تەبلیغاتی‌یان بۆ سەر ناوبراوو ریکخراوەکەی دەست پێکرد. ئاخوند "نووری هەمەدانی" لەو پیوەندی‌یەدا "ئاغاجاری"ی بە خراپتر لە سەلمان روشدی لەقەڵەم داو قسەکانی ئەوی بە بێحورمەتی بە هەموو موسوڵمانان داناو داواکار بوو وەزیری علووم ڕێگا نەدا ناوبراو لە زانستگە دەرس بڵێ.

لەو هێرشە تەبلیغاتی‌یەدا کە تا ئێستا کراوەتە سەر "ئاغاجەری"، کۆمەڵێك ناوو سیفەتی وەك "ستوونی پێنجەمی دەسەڵاتەکانی جیهان"، "دوو پلە لە خوارەوەی مەیموون"، "کاسەلێسی مەکتەبەکانی دژ بە خەڵك"، "بێشەرم"، "مەیموونی دەست پەروەردەی پۆپێر"، "بەکرێگیراوو خۆفرۆش"و "مولحید" بۆ ناوبراو بەکار هاتوون.

ڕێکخراوی موجاهیدینی ئیسلامی ڕۆژی ١٢ی پووشپەڕ لە بەیاننامەیەك‌دا شانازیی بە ئەندامەتیی هاشم ئاغاجەری لەو ڕێکخراوەیەدا کردو ڕای‌گەیاند ئەو دژکردەوەیەی هێندێك لە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان بەرامبەر بە قسەکانی ناوبراو نیشانی دەدەن، بە مانای تەئییدی قسەکانی ئاغاجەری لەبارەی ئەوانەوەیەو بەم جۆرە دەری دەخەن کە کەس هەقی نیە ڕخنەیان لێبگرێ‌و خۆیان لە خواو پێغەمبەر پێ گەورەترە.

# ئایا لە کوردستان‌دا بۆشایی حیزبی سیاسی هەیە؟

حەوتوونامەی "سیروان" لە ژمارەکانی ئەم دوایانەی خۆیدا هێندێك بابەتی بە قەڵەمی ژمارەیەك لە خوێنەرانی بڵاوکردۆتەوە کە زیاتر پێوەندییان بە مەسەلەی کوردستان‌و حیزبە سیاسی‌یەکانەوە هەیە.

هێنانەگۆڕی ئەو جۆرە مەسەلانە لە بڵاوکراوەی "سیروان"یان هەر بڵاوکراوەیەکی دیکە لە جێ‌دا کارێکی بەسوودو بە کەڵکە، چونکە ئەو جۆرە نووسراوانە دەربڕی ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی خوێنەرانن‌و دەبێ بە چاوی ڕێزەوە سەیریان بکرێ. بە تایبەت کە بەشێك لەو نووسراوانە سەرەڕای خۆسانسۆریی نووسەرانیان ئاماژە بە بەشێك لە ڕاستی‌یەکانی وڵات‌و ئەو تەنگ‌و چەڵەمانە دەکەن کە بۆ خەڵکی کوردستان پێك هاتوون. بەڵام لە ژمارە ١٧٤ی بڵاوکراوەی "سیروان"دا بابەتێك لە ژێر ناوی "کوردستان پێویستی بە چ جۆرە حیزبێك هەیە؟" لە نووسینی "محمد صدیق قادری" ـ بانەو لە وەڵامی بابەتێکدا بڵاوبۆتەوە کە بەڕێز محەممەد ڕەئوف قادری نووسیبووی‌و لە ژمارە ١٧١ی هەمان بڵاوکراوەدا بڵاوببۆوە، لەو نووسراوەیەدا بێ ئینسافی تا ڕادەی حاشا کردن لە ڕاستی‌یەکان‌و پێچەوانە نیشان دانی حەقیقەتەکان بەرچاو دەکەوێ.

"محمد صدیق قادری" لە نووسراوەکەی خۆیدا وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی لەوەکە کەسایەتی‌یەکانی کورد سەرنجیان بۆلای بۆشایی ئەحزاب لە کوردستان ڕاکێشراوە، دەنووسێ:

"پرسیار ئەوەیە کە ئەو حیزبانە دەبێ خاوەنی چ پاڵپشتێکی فیکری بن؟ لە هەموو جیهان ئەحزابێك کە دادەمەزرێن تێ‌دەکۆشن بۆچوون‌و بیری خۆیان لەگەڵ فیکرو بۆچوونەکانی خەڵك لێك نیزیك بکەنەوە بۆ ئەوەی لە لای خەڵك مەشروعییەت‌و مەقبوولییەتیان هەبێ. ئێمە کوردەکان لە دنیای ئەم سەردەمەدا بوونی هێندێك حیزب‌و ڕێکخراومان تاقی کردۆتەوە کە نەیان توانیوە چارەسەری گیروگرفتەکان بکەن‌و زۆرجاریش گیروگرفتی زیاتریان بۆ خەڵك پێك هێناوە، هۆیەکەشی ئەوە بووە کە ئەو حیزبانە ڕیشەیان لە باوەڕەکان‌و مێژووی ئەو نەتەوە شەریفەدا نەبووە، هاوردەیی‌و داسەپاو بوون‌و هەر بۆیەش نەیان توانیوە خەڵك لەگەڵ خۆیان بخەن".

لەوەدا کە ئەحزاب دەبێ خاوەنی پشتیوانەی فیکری بن‌و لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی خەڵکدا یەك بگرنەوە بۆ ئەوەی مەقبوولییەتی خەڵکیان هەبێ قسەیەك نیە بەڵام دانی ئەو حوکمە کە ئەو حیزب‌و ڕێکخراوانەی تا ئێستا خەڵکی کوردستان تاقییان کردوونەوە لەوەها تایبەتمەندی‌یەك بێ‌بەش بوون‌و بێ بەشن، جێگای سەرنج‌و لێ وردبوونەوەیە، چونکە ئەوە لەگەڵ ڕاستی‌یەکان‌و واقعییەتی مەسەلەکە مەودایەکی زۆری هەیەو بە تەواوی لە ناتەبایی دایە. وێ ناچێ کەس گومانی لەوەدا هەبێ کە بە ڕابردووترین، چالاکترین‌و شوێن دانەرترین هێزی کورد لە کوردستانی ئێران حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە کە ئەزموونێکی زۆری لە ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ تێکۆشان‌و بەڕێوەبەریی خەباتی خەڵکی کوردستان وەسەریەك ناوە. دروشمی سەرەکیی ئەو حیزبەش لە مێژساڵە لە "دێمۆکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان"دا خۆدەنوێنێ‌و لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجانەشدا بە هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی گیانیان لەدەست داوەو بە هەزاران لە ئەندامەکانیشی کەوتوونەتە بەندیخانەکانی ڕێژیمەوە.

ئێستا دەبێ لە نووسەری وتاری "کوردستان پێویستی بە چ جۆرە ئەحزابێك هەیە؟" بپرسین کە ئایا هەر لە بنەڕەت ڕا ویستی دێمۆکراسی‌و مەسەلەی ئازادی‌و دێمۆکراسی ڕیشەیان لە باوەڕو ویست‌و داخوازەکانی خەڵکی کوردستاندا نیە؟ یان ئەو چەمك‌و واتایانە هاوردەین‌و بۆ خەڵکی کوردستان بێگانەن؟ ئایا لە زووەوە تا ئێستا خەڵکی کوردستان‌و سەرانسەری ئێران بەردەوام لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی‌و هێنانە سەرکاری نیزامێکی دێمۆکراتیك لە ئێراندا خەباتیان نەکردوەو فیداکارییان نیشان نەداوە؟ ئەدی چۆنە نووسەری وتار ئاوا بە خاترجەمی‌و بەبێ سەرنجدان بە ویستی ئەسڵیی خەڵك‌و دروشمی بنەڕەتیی بەڕابردووترین حیزبی کوردستانی ئێران، ئەوانە بە دوور لە باوەڕەکانی خەڵك دەزانێ؟ کێ هەیە لە پێشیلکرانی مافی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستاندا گومانی هەبێ؟، شتیك کە تەنانەت خودی نووسەری ئەو وتارەش دانی پیدا دەنێ. کەوابوو روون نیە بۆچی دروشمی خودموختاری‌و لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر گەلی کورد ڕیشەی لە باوەڕو ویستەکانی خەڵکی کوردستاندا نیە. ئەگەر بەڕاستی دێمۆکراسی‌و دابین بوونی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد ڕیشەی لە باوەڕەکانی خەڵکی کوردستاندا نیە چۆنە ئەو خەڵکە هەمیشەو لە هەموو هەلومەرجێکدا حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان بە ڕیبەری جووڵانەوەی خۆیان زانیوەو لە ژێر ئاڵای ئەو حیزبەدا درێژەیان بە خەبات داوە. بەڕاستی بوونی پەنجا هەزار شەهید، دەیان هەزار ئاوارەو دوورخراوەو زیندانی ناتوانن سەلمینەری خەلکی بوون‌و ڕیشەدار بوونی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە نیو کۆمەڵدا بن؟ بە تایبەت کە هەرکات هەلبژاردنیکی تارادەیەك ئازادو دەرەتانیکی تا رادەیەك لەبار بۆ هەلبژاردن هاتۆتە ئاراوە، دیومانە کە ئەوە کاندیداکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بوون کە لە زۆربەی نیزیك بە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بە دەنگی زۆربەی هەرە زۆری خەلکی کوردستان هەلبژیردراون. ئایا ئەو راستی‌یە خەلکی بوونی ئەو حیزبە دەرناخا؟

نووسەری وتار لە بەشیکی دیکەی قسەکانی‌دا دەنووسێ:

"بوونی ئەوانە بەهانەیەك بووە بۆ سەرکوتی خەلکی موسولمان‌و شەریفی کورد".

چەندە ساویلکانەیە ئەگەر نووسەری وتار لەو بروایەدابێ کە خەلکی کوردستان خوازیاری ئازادی‌و مافی نەتەوایەتیی خۆیان بن‌و لە پیناوی گەیشتن بەو ئامانجەدا خەبات بکەن‌و خۆراگری لە خۆیان نیشان بدەن بەڵام لە لایەن رێژیمەکانی پاشایەتی‌و کۆماری ئیسلامی، دوو سیستیمی دژ بە ئازادی‌و دژی گەلی‌یەوە لەگەڵ ئازارو سەرکوت‌و . . بەرەوروو نەبن! بە دلنیایی‌یەوە دەبێ بلیین کە بە سەرنجدان بە نیوەرۆکی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، چ حیزبی دیمۆکرات‌و چ هەر حیزب‌و ریکخراویکی دیکە کە بەراستی ریشەی لە دلی کۆمەلانی گەلی کورددا هەبێ‌و لە سەر ویست‌و داخوازەکانی خەلکی کوردستان سوورو پیداگر بێ، بێ‌ئەملا‌و ئەولا دەکەویتە بەرپەلامارو سەرکوتی بێ‌بەزەییانەی ریژیم. چەندە بێ‌ئینسافانەیە ئەگەر کەسیك تاوانی سەرکوتی خەلکی کوردستان بە حیسابی دلرەشی‌و دژی گەلی‌و دیکتاتۆر بوونی ریژیم دانەنێ‌و بە مل ئەو هیزانەی‌دا بنێ کە لە پیناوی لەنیو بردنی ستەمی نەتەوایەتی‌دا خەبات‌و فیداکارییان لە خۆیان نیشان داوە.

نووسەری وتار لە دریژەی قسەکانی‌دا دەنووسێ:

"ئەگەر قەرارێ حیزب یا ئەحزابیك لە کوردستاندا پیك بین، دەبێ هەر دوو مافی ناوبراو یانی مافی مەزهەبی‌و نەتەوایەتی لە چوارچیوەی یاسادا داوا بکەن"

لەو پیوەندی‌یەدا پیویستە بلیین: یەکەم، هەموو خەلکی کوردستان لە ژیر باری ستەمی مەزهەبی‌دا نین بەڵام هەر لەو حالەدا هاونیشتمانانی کوردی شیعە مەزهەب بە هۆی بوونی هەستی نەتەوایەتی‌و بە مەبەستی دەربرینی رەخنەی خۆیان سەبارەت بە بوونی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر خەلکی کوردستان شان بە شانی هاونیشتمانانی سوننی مەزهەبی خۆیان لە پیناوی دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورددا لیبراوانە روویان کردۆتە خەبات‌و لەوبوارەدا گەلیك قارەمانەتیی‌و گیانبازییان لەخۆیان نیشان داوە. دووهەم، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران هەرگیز لە لەقاودانی بوونی ستەمی مەزهەبی لە سەر بەشیکی بەرچاوی خەلکی کوردستان خۆی نەبواردوەو لە پیناوی لەنیو بردنی ئەو جۆرە ستەمەشدا تێ‌کۆشاوە. ئەوەش بە جیی خۆی، مەگەر بوونی ستەمی مەزهەبی‌و جیاوازیدانانی مەزهەبی لە لایەن ریژیمی حاکم بە سەر ئیرانەوە راست هەر لەو قانوونە ئەساسی‌یەوە سەرچاوە ناگرێ کە نووسەری وتار دەیەوێ ئەحزابی دلخوازی خۆی لە چوارچیوەی تەنگی هەر ئەم یاسایەدا تیکۆشانیان هەبێ؟ نیوەرۆکی ئەو وتارە نیشان دەدا کە کاکی نووسەر ئەوەی پێ‌باشترە کە خەلکی کوردستان مل بۆ یاسای پر لە جیاوازیدانان‌و زولم‌و زۆرییەکانی کۆماری ئیسلامی راکیشێ، نەك قارەمانانە خەباتی ماف خوازانەی خۆیان دژی فەرق‌و جیاوازیدانان‌و بێ‌عەدالەتی دریژە بدەن، شتیك کە کۆماری ئیسلامیی ئیران لەمیژ سالە ئارەزووی دەکا.

نووسەری وتار لە بەشی کۆتایی بابەتەکەی‌دا دەنووسێ:

"ئیمە دەزانین کە یاسا ئیزنی پیکهینانی ئەو جۆرە حیزبانەی بە هەموو ئیرانی‌یەکان داوەو هەر حیزبیکیش دامەزرێ‌و لەپیناوی ئەو دوو مەسەلە باس کراوەدا نەبێ، لەگەڵ بێ‌باوەریی خەلك‌و سەرئەنجام شکست بەرەوروو دەبێ".

لەو پیوەندی‌یەدا بەجێ‌یە لە کاکی نووسەر پرسیار بکرێ، ئەگەر بەراستی یاسا ئیزنی پیکهینانی ئەو جۆرە حیزبانەی داوە بۆچی ئەو بۆشایی‌یەی کە هەر بۆخۆی باسی دەکا لە شوینەکانی دیکەی ئیران لە کوردستانیش زیاترە؟ ئایا نووسەری وتار بەراستی باوەری بەوە هەیە کە ریژیمیکی کە ئیزنی تیکۆشان بەو میللی ـ مەزهەبی‌یانە نادا کە لە رووی قەومی‌یەوە فارس زمان‌و لە رووی مەزهەبی‌یەوە شیعەن‌و بەم شیوەیە هەلسوکەوتیان لەگەڵ دەکا کە دەیبینین، ئیزن دەدا رۆلەکانی گەلی کوردو کوردە سوننی‌یەکان لە پیناوی لابردنی ستەمی مەزهەبی‌و نەتەوایەتیی لەسەر خۆیان، چالاکی بنوینن؟ ئەگەر لە چوارچیوەی قانوونی ئەساسی‌و حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی‌دا دەرەتانیك بۆ تیکۆشانی ئازادو دابینبوونی ویست‌و داخوازەکانی خەلك هەبا، وەزع‌و حالی ئیسلاحتەلەبانی نیو دەسەلات‌و دووی خوردادی‌یەکانی ناسراو بە ئیسلاحتەلەب کە بە هەموو ئوسوول‌و ریوشوینە شەرعی‌و یاسایی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی پابەندن بەم جۆرە خراپ دەبوو؟

نووسەری وتاری "سیروان" دەبێ بزانێ‌و رەنگە زۆر باشیش بزانێ کە ئەگەر پیکهینانی حیزب یان ئەحزاب لە کوردستانی ئیراندا بە هۆی پەسنبیژەکانی ریژیمەوە ئەو شانسەی هەبایە کە لە لایەن خەلکی کوردستانەوە وەربگیرێ، لەمیژ بوو کۆماری ئیسلامیی ئیران یارمەتیی بە پیکهینانی ئەو جۆرە حیزبانە دەکردو لەم ریگایەوە بیرورای گشتیی خەلکی وریاو وشیاری کوردستانی بەلاری‌دا دەبرد.

---

# سەفەری ئەم دوایانەی سەرۆك کۆماری تورکیە بۆ ئیران لە نیوان ریککەوتن‌و دردۆنگی‌دا

ع. رەهنموون

رۆژی دووشەممە ریکەوتی ٨١/٣/٢٧ ئەحمەد نەجدەت سزەر سەرکۆماری تورکیە هاورێ لەگەڵ دەستەیەکی ١٢٠ کەسی کە زۆربەیان کارناسی مەسەلە ئابووری‌یەکان بوون، گەیشتە تاران پیتەختی کۆماری ئیسلامی‌و لە لایەن موحەممەدی خاتەمی‌یەوە پیشوازی لی کرا. لەم چاوپیکەوتنەدا هەردوو لا ویرای پەرەپیدانی پەیوەندی‌یە ئابووری‌یەکان، پەیوەندی‌یە ئەمنییەتی‌یەکانی نیوان هەر دوو وڵات‌و قەیرانی رۆژهەڵاتی نیوەراست‌و هەرەشە نیزامی‌یەکانی ئەمریکا بۆ سەر عیراقیان خستنە بەر باس‌و ئاڵوگۆری بیرو رایان کرد.

سەرکۆماری تورکیە لە کاتیکدا چاوی بە لیپرساوانی ئیران کەوت کە بە وتەی چاوەدیران، پەیوەندی‌یەکانی ئیران‌و تورکیە لەم چەند مانگەی دوایی‌دا تا ئەندازەیەك بەرەو باشی چوون. بەڵام شتیك کە گومانی تێ‌دا نیە ئەوەیە کە تورکیە‌و ئیران بۆ گەیشتن بە قۆناغی دیالۆگ‌و هاوسۆزیی تەواو چەندین کۆسپ‌و لەمپەریان لەسەر رێیە کە هەندیکیان ریشەی کۆنی میژوویی‌یان هەیەو هەندیکی‌تریان هەلقولاوی گۆرانکاری‌یەکانی ئەم دوو دەیەیەی رابردوون. لەم وتارەدا هەوڵ دراوە بەکورتی ئاوریك لەو کۆسپ‌و لەمپەرانە بدریتەوە.

**ئاستەنگ‌و لەمپەرە میژوویی‌یەکان:**

هەر وەك دەزانین هەر دوو وڵاتی ئیران‌و تورکیە پاشماوەی دوو ئیمپراتۆریی گەورەو بەرینی عوسمانی‌و سەفەوین‌و لە کاتی خۆیاندا کاریگەری‌یەکی چارەنووسسازیان لەسەر گۆرانکاری‌یەکانی جیهانی ئەو سەردەمەدا هەبوو. ئەم دوو ئیمپراتۆری‌یە لە رووی مەزهەبی‌یەوە دژبەیەك بوون‌و لە هیچ قۆناغیکی میژوویی‌دا نەیانتوانیوە لەسەر هیچ مەسەلەیەکی پەیوەندیدار بە خۆیانەوە بگەنە ریکەوتنیکی بنەرەتی. هەر ئەم پیشینە میژوویی‌یە بە توخمە گەوهەری‌یە دژ بە یەکەکانیەوە تا ئەم سەردەمەی کە ئیمە تیی‌دا دەژین دریژ بۆتەوە، هەر چەند کە پیستی فرێ داوەو لە روالەتدا گۆرانکاری بە سەردا هاتوە، بەڵام هەر ئەم پیشینە میژوویی‌یە توانیویەتی لەسەر گۆرانکاری‌یە سیاسی، فەرهەنگی‌و ئابووری‌یەکانی ئیستا شوینپیی کاریگەر دابنێ. ئەم شویندانانە کاریگەرە بە ئاشکرا لە کیبەرکیی تورکیە‌و ئیران بە مەبەستی نفووز لە کۆمارەکانی ئاسیای نیوەراستدا بە روونی رەنگی داوەتەوە. جموجۆلەکانی تورکیە دوای هەرەسهینانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە کۆمارەکانی ئاسیای نیوەراستدا دوچاری چەندین تەگەر بوونەتەوە. لەم پیوەندی‌یەدا ئیران وەك یەکەم تەگەرە لە بەردەم ئانکارا لەو ناوچەیەدا خۆی پیشان دەدات، چونکە ئیران لە رووی میژوویی‌و زمانی‌و فەرهەنگی‌یەوە خۆی لە تورکیە بە نزیکتر لە بەشیك لەو کۆمارانە دا دەنیت. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پییان وایە کە زیدەبوونی دەسەلاتی تورکیە لەو کۆمارانەدا دەبیتە هۆی تیکچوونی ئاسایشی نەتەوەیی ئیران‌و هەروەها هاوپەیمانیتیی پتەوی تورکیە لەگەڵ رۆژئاوادا مەترسی‌یەکانی ئیرانی زیدەتر کردوە. ئیران بۆ بەرپەرچدانەوەی تورکیە هەوڵ دەدا بە دەستتیوەردان لە کاروباری ئەو کۆمارانە پشتینیکی ئاسایش بە دەوری خۆی‌دا بکیشێ. بەڵام شتیك کە جیگای سەرنجە گۆرانکاری‌یە خیراکانی ئەم کۆمارانەیە کە لە رووی سیاسی‌یەوە چەندین بەرابەر هاوکیشە سیاسی‌یەکانی ناوچەکەی ئاڵۆزتر کردوە. ئەم ئاڵۆزبوونەش دەگەریتەوە بۆ ئەو سەرچاوە سروشتی‌یە دەولەمەندانەی لە کۆمارەکانی ئاسیای نیوەراستدا هەن. ئەم هۆکارانە بۆتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی رووسیە‌و ئەمریکا‌و ئیسرائیل‌و ئیران‌و تورکیە دەست بکەنە کیبەرکێ‌یەکی ئاڵۆزو دژوار کە هیشتا زۆر زووە ئاکامەکانی ئەو ململانێ دژوارو ئاڵۆزە تاوتوێ بکرین. هەرچەند لەم نیوەدا سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دووچاری چەندین شکست‌و دۆران بۆتەوە بە چەشنیك کە ئیران نەتەنیا نەیتوانیوە نفووزیکی بەرچاو لە رووی سیاسی‌و ئابووری‌و فەرهەنگی‌یەوە لەو ناوچانەدا بکا بەڵکوو خەریکە بەشیکی زۆر لە مافی گەلانی ئیرانیش لە پەیوەندی لەگەڵ دابەشکردنی سەرچاوەکانی دەریای خەزەردا بە بەراورد لەگەڵ رابردوودا لە دەست دەدا. ٣←

---

# برووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**سەردەشت**

## دەنگۆو بیروڕای جۆراوجۆر لەبارەی نەخۆشییەك کە لە "بیژوێ" بڵاوبۆتەوە

هەروەك لە ژمارە ٣٤٢ی "کوردستان"دا رامان گەیاندبوو لە بەهاری ئەمساڵ دا نەخۆشییەکی نەناسراو لە ئاوایی "بیژوێ"ی سەردەشت بڵاو بۆتەوە کە تا ئیستا دەیان کەس لە خەلکی ئەو ئاواییە بە تایبەتی قوتابیان تووشی هاتوون. ئەو نەخۆشییە دەبیتە هۆی ماسینی دەستو لاقو ژانی زۆری شانو پیل. لەو پیوەندییەدا راگەیەنەکانی ریژیم و رۆژنامەکانی ئیرانیش چەند جار ریپۆرتاژیان لەبارەی نەخۆشییەکە بڵاو کردۆتەوە.

هەر لەو پیوەندییەدا چەند کەس لە خوینەرانی "کوردستان" کە دانیشتووی خەلکی "بیژوێ"شیان لە نیو دا هەن، لە دەنگۆو بیروڕای جۆراوجۆر کە لەبارەی هۆی سەرهەلدانی ئەو نەخۆشییەوە لە نیو خەلك دا بڵاو بوونەوە، ئاگاداریان کردووین. بە پیی دەنگۆیەك، ماوەیەك بەر لە سەرهەلدانی نەخۆشییەکە تاقمیك لە قوتابیانی کچی "بیژوێ" دەبردرین بۆ ئۆردوویەك. یەکیك لەوان ئیسكو پرووسکی مردوویەك دەدۆزیتەوەو دەستی لێ دەدا. هیندیك کەس پییان وایە نەخۆشییەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە. بەشیك لە خەلکی ناوچەش وا بیر دەکەنەوە کە نەخۆشییەکە بە هۆی قەرەچییەکانەوە هاتوە بۆ ئەو دێیە. گوایە قەرەچییەکانیش لە ریگای دەرزییەك کە لە مەهاباد لییان دراوە، گیرۆدەی نەخۆشییەکە بوون. بەڵام قسەیەك کە لە هەمووی ئەوانە زیاتر لەسەر زارانە، ئەوەیە کە ئەو نەخۆشییە بە دوای واکسیناسیۆنی منداڵانی بیژوێدا بڵاو بۆتەوە. هۆیەکەشی دەبێ فاسید بوونی ئەو مەوادده بووبێ کە بۆ واکسیناسیۆنی منداڵانی ئەو دێیە کەلکی لێوەرگیراوە.

ئەو نەخۆشییە ئەگەر پیشتر لە نیو کچانی قوتابیو ژنانی دیی "بیژوێ"دا بڵاو ببۆوە، ئیستا پیاوەکانیش گرتوویانەو نەك هەر خەلکی ئەو گوندە، بەلکوو خەلکی گوندەکانی دیکەی ئالانیش گرتوویانەتەوە.

ơơơ

جاریکی دیکە هیزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی لە گوندی "شەلماش" پیگەی نیزامیی تازەیان دامەزراندوە. بەکریگیراوانو هیزەکانی ئەم مۆلگەیە هەموو رۆژێ بە بیانووی جۆراوجۆر پیش بە خەلکی ئاوایی دەگرنو ئازارو ئەزیەتیان دەدەن. هەروەها بەبێ هیچ دەلیلو بەلگەیەك وەسەر مالانی ئاوایی "رەزگە"و "شەلماش" گەراونو بە بیانووی دۆزینەوەی چەك پشکنیویانن. هەروەها ماوەیەکە دەستیان بەسەر سنووری ئالانو سەردەشتدا گرتوەو پیشی کارو کاسبیی خەلکی ئاواییەکانی "گرویس"، "بیژوێ"و بیتووشیاندا گرتوە.

# تیکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## نورویژ

### سەردانی هەیئەتیکی حیزب لە پارلمانی نۆرویژ

رۆژی ٢٠٠٢/٦/٢١ هەیئەتیکی هاوبەش پیکهاتوو لە نوینەری کومیتەی حیزب لە نۆرویژ، یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران، کۆمەلی کەلتووری کوردیو ناوەندی یارمەتی بە بووژاندنەوەی فەرهەنگو کەلتووری کوردی کوردستانی ئیران لە نۆرویژ سەردانی پارلمانی نۆرویژیان کردو لەگەڵ چەند پارلمانتاری حیزبی سوسیالیستی چەپ (SV) دیدارو وتوویژیان کرد. لەو چاوپیکەوتنەدا باسیکی تیروتەسەل لەسەر بارودۆخی ئیستای ئیرانو کوردستان، پیشیلکرانی سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکان لە لایەن ریژیمەوە، ئیعدامو گرتنو ئازارو ئەشکەنجەی نەیارانی ریژیم هاتە ئاراوەو لە بەرامبەردا هەیئەتی حیزبی سوسیالیستی نۆرویژ، پشتیوانی هەمە لایەنەی خۆیان لە خەباتی رەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئیراندا دووپات کردەوەو رایانگەیاند شیوەی دیمۆکراتیکی خەباتو تیکۆشانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران جیگای ریزو پشتیوانیی حیزبی (SV)و هەموو ریکخراوەو کەسایەتییەکی مرۆڤدۆستە.

هەروەها بریاردرا لە پاییزی ئەوساڵدا سمیناریکی هاوبەش لە سەر کوردستانی ئیران، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانو ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب بۆ ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی سوسیالیستی (SV) نۆرویژ پیك بێ. هەروەها نوینەری حیزبی (SV) لە کۆمیسیۆنی دەرەوەی پارلمان رایگەیاند کە لە یەکەم دانیشتنی پرسیارو وەڵامی پارلماندا، لە سەر ساتو سەودای ئەم دوایانەی وڵاتی نۆرویژو کۆماری ئیسلامی، سەفەری وەزیری دەرەوەی نۆرویژ بۆ ئیرانو بوونی مەترسیی ئیعدام لە سەر ٨ ئەندامی حیزبی دیمۆکرات لە زیندانەکانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی ئیراندا پرسیار بکرێ. ئەندامانی هەیئەتەکە بریتی بوون لە بەریزان ئەحمەد جەهانگیری (بەرپرسی پیوەندییەکانی حیزب لە نۆرویژو موشاویری کۆمیتەی ناوەندی، سالح وەلیزادە (بەرپرسی کومیتەی حیزب لە نۆرویژ، جەعفەر حامیدی بەرپرسی ناوەندی بووژاندنەوەی فەرهەنگو کەلتووری کوردی لە نۆرویژ، پەخشان ئەحمەدی نوینەری یەکیەتیی ژنانی دیمۆکرات لە نۆرویژ، عارف ئەحمەدی بەرپرسی کۆمەلەی کەلتووری کوردی، فەرامەرز ئەلماسی ئەندامی بەریوەبەری کومیتەی کۆمەلەی کەلتووری کوردیو کارناسی پەروەردەی منداڵانی کورد لە مەدرەسەکانی ئۆسلۆ.

هەیئەتی حیزبی سوسیالیستی چەپ (SV) لەم چاوپیکەوتنەدا بریتی بوون لە: خانمی Kristin halvorsen (کریستن هالڤورسن، ریبەری حیزبی سوسیالیستی چەپو ئەندامی پارلمانی نۆرویژ)، ئاغایان Byorn Jakobsen (بیورن یاکوبسن نوینەری پارلمانو ئەندامی کۆمیسیۆنی دەرەوەی پارلمان، بەریز Resai (ریسای)، ئەندامی کۆمیسیۆنی پیوەندییە نیونەتەوەییەکانی سوسیالیستی چەپ (SV).

## بەشداریی هاوریانی حیزب لە جیژنی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردی سووریەدا

رۆژی ٢٠٠٢/٦/١٥ هاوریان فەرزاد سارایيو میهدی فەتاحی بە نوینەرایەتی لە لایەن حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانەوە لە ریورەسمی چلو پینجەمین سالوەگەری دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردی سووریە بەشدارییان کرد. ئەو ریورسمە لە سەر بانگهیشتنی کومیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردی سووریە لقی ئالمان، لە شوینی کافەی کەلتووری زانستگەی "بوخوم" بەریوە چوو. ریورسمەکە بە سرووودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردی سووریەدا خویندرایەوە. لە دریژەی ئەم ریورەسمەدا چەند بەرنامەی جۆراوجۆری هونەری پیشکەش کرا. بەریوەبەری ریورەسمەکە ویرای دەربرینی سوپاسی خۆی لە ریکخراوەکانی بەشدار لەم جیژنەدا، بەگەرمی بەخیرهاتنی نوینەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانو حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیای کرد.

## "آوای کردستان"، حەوتوونامەیەکی تازە لە ریزی حەوتوونامەکانی کوردستاندا

یەکەمین ژمارەی حەوتوونامەی "آوای کردستان" لەم دوایانەدا بڵاوبۆوە.

"آوای کردستان" بڵاوکراوەیەکی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتیو وەرزشییە، خاوەن ئیمتیازو بەریوەبەرەکەی عەلی نیعمەتزادەیە کە بە ناوی نوینەری سەقزو بانە لە مەجلیسی پینجەم دابوو. "آوای کردستان" لە ژیرچاوەدیریی "شوورای نووسەران" لە سەقز چاپو بڵاودەکریتەوە.

لە سەروتاری یەکەم ژمارەی "آوای کردستان"دا هاتوە "بە بڵاوکردنەوەی آوای کردستان، پیمان ناوەتە ریگایەك کە پیداڕۆیشتنی هاوکاریو هیممەتی قەلەم بەدەستانو خاوەنانی فکرو ئەندیشەی پیویستە، ئەو مرۆڤە فیداکارانەی کە پیناسەی نەتەوەیەك لە مانەوەو مەوجوودییەتی فەرهەنگیی ئەودا دەبینن . . . حەوتوونامەی آوای کردستان سەر بە هیچ تاقمو کەسیکی تایبەتی نیە، بەلکوو هی یەك یەکی خەلك بە تایبەتی رووناکبیرانە".

یەکەم پیش ژمارەی "آوای کردستان" بە رەشو سپیو بە دوو زمانی کوردیو فارسی لە ٨ لاپەرەدا بڵاوبۆتەوەو راگەیاندراوە کە لە ئوستانەکانی کوردستان، ئازەربایجانی رۆژئاواو کرماشان بڵاودەکریتەوە.

**ئینتیرنیت: سایتی "ایران امروز"**

**سەلاسو باوەجانی**

رۆژی ٢١ی جۆزەردان هیزەکانی دژی گەلیی ریژیم لە نیزیك گوندی "قالیچە" سەربە ناوچەی سەلاسو باوەجانی پیشیان بە ٣٠ کەس لە کاروانچییەکانی ئەم ناوچەیە گرت. بەڵام خەلك بە دارو بەرد بەرەنگاریان بوونەوەو فەرماندەی هیزەکانی ریژیمیان بە ناوی ئیبراهیم خۆشروو سەربازیکیان بریندار کرد. هیزە دژی گەلییەکانی ریژیم بە تەقە کردن لە خەلك کەسیکیان بە ناوی "والی" بریندارو کەسیکیشیان بە ناوی یوسف دەستگیر کرد.

**درێژەی لاپەڕەی ٢**

لەم پەیوەندییەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە کۆمارەکانی ئاسیای نێوەڕاستدا نفووزی کردوەو ئیتر پێویستی بە تورکیە نیە کە لە ریگای ئەوەوە ویستو سیاسەتەکانی خۆی پیادە بکا. ئەم هۆکارە رۆلی تورکیەی بۆ رۆژئاوا بە گشتیو بۆ ئەمریکا بەتایبەتی کەمرەنگ کردۆتەوە. پیدەچێ کەمرەنگ بوونەوەی رۆلی تورکیە بۆ رۆژئاوا ببیتە هۆی ئەوە کە تورکیە تا رادەیەك لە کۆماری ئیسلامی نزیك ببیتەوەو لە چوارچیوەیەکی تەنگو بەرتەسكدا بکەویتە هاوکاریکردن لەگەڵ ئەم ریژیمەدا.

**ئاستەنگە هەنووکەییەکانی نیوان ئەم دوو وڵاتە:**

پیش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئیران، تارانو ئانکارا نەك هەر لە رووی دابەشکردنی سیاسییەوە لە بازنەیەكدا بوون، بەلکوو هاوپەیمانی نیزامیی یەکتریش بوون. ئەم هاوپەیوەندییە نیزامییە، ئیرانی لە ریگای وڵاتی تورکیەوە بە "پەیمانی ناتۆ"وە گرێ دەدا. بەڵام دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئیران ئەم پەیوەندییانە ئالوگۆریان بەسەردا هاتو کەشوهەوایەك لە بەدگومانیو دردۆنگی بالی بەسەر پەیوەندییەکانی نیوان هەردوو لادا کیشا. لەم نیوەدا تورکیە، دروشمەکانی "ناردنە دەرەوەی شۆرش" کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەدران وەك مەترسییەك بۆ سەر سەروەریی خۆیو حکوومەتی لائیکی خۆی سەیری دەکردو لە بەرامبەریشدا کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو باوەرە بوو کە وڵاتی تورکیە بۆتە پیگەیەك بۆ هەلتەکاندنی کۆماری ئیسلامی ئیران. بەڵام ئیستا دوای تیپەرینی زیاتر لە دوو دەیە بەسەر پەیوەندییەکانی نیوان هەردوو وڵاتدا ئەم بەدگومانیو دردۆنگییە تا رادەیەك رەویوەتەوە، بەڵام هیشتا بەتەواوی لە نیو نەچووە. حیزبو راگەیاندنە گشتییەکانی تورکیە ناوبەناو هیرشی توندو بەربلاو دەکەنە سەر کۆماری ئیسلامیو کاربەدەستانی ئەو ریژیمە بە هۆکاری سەرەکی ئەو تیرۆرە سیاسییانە دەزانن کە لە تورکیەدا روودەدەن. هەر لەم پەیوەندییەدا دادوەری تورکیە زۆر جار بە راشکاویو بە بێپەردە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە پشتیوانی لە بکوژانی رووناکبیرانی تورك (کە بە پشتیوانانی رادیکالی جیایی دین لە سیاسەت ناویان دەرکردبوو) تاوانبار کردوە. لە لایەکی دیکەوە کاربەدەستانی تاران باوەریان وایە کە تورکیە لە دژایەتیکردنی لەتەك کۆماری ئیسلامیدا گویرایەلی ئەمریکایە کە ئەو پەیوەندییەکی نادۆستانەی لەگەلیدا هەیە. هەروەها تورکیە چەندین جار کۆماری ئیسلامیی بەهۆی پشتیوانی ئەو ریژیمە لە PKK تاوانبار کردوەو لە بەرامبەریشدا کۆماری ئیسلامی، تورکیە بەوە تاوانبار دەکا کە پەنای هەندێ لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت ریکخراوی موجاهیدینی گەلی ئیران دەدا.

سەرکۆماری تورکیە لەم سەفەرەدا مەسەلەی چەکداربوونی ئیرانی بە مووشەکی دوورهاویژی "شەهابی ٣" کە زیاتر لە ١٣٠٠ کیلۆمەتر بر دەکاو بە ئاسانی دەتوانێ بگاتە تەواوی ناوچەکانی تورکیە، خستۆتە بەرباسو نیگەرانیی ئانکارای بە گویی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گەیاندوە. هەروەها پەیمانی نیزامیی تورکیەو ئیسرائیل یەکیك لە ئاستەنگە گرنگەکانە کە کۆماری ئیسلامیی نیگەران کردوەو بۆتە کۆسپیك لە بەرامبەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتدا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وادیارە کە هەردوو لا تامەزرۆی پەرەپیدانی پەیوەندییە ئابووریو بازرگانییەکانیانن. کاربەدەستانی تورکیە هیوادارن ئیران رۆلیکی گرنگ لە کەمکردنەوەی ئەو قەیرانە ئالۆزە ئابوورییەی کە بەربینگی پێگرتوون، بگیرێ. ئاشکرایە کە خودی ئەو قەیرانەش بە شیوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تورکیە بە هۆی رەچاونەکردنی مەسەلەی کوردەوە ناتوانێ ببیتە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا.

لە ژیر تیشکی ئەو بۆچوونانەی سەرەوەدا دەتوانین بەم دەرەنجامە بگەین کە گرنگترین خالی هاوبەش کە لە رووی سیاسییەوە دەتوانێ ئیرانو تورکیە لیك نزیك بکاتەوەو تا ئەندازەیەك لیکیان گرێ بدا، دژایەتیی هەردوو وڵاتە لەگەڵ خەباتی میللی دیموکراتیکی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی. ئیرانو تورکیە بەتایبەت دوای رووداوی ١١ی سیپتامبرو ئەگەری بەدیهاتنی گۆرانکاری لە وڵاتی عیراقدا پیویستی ئەم لیك نزیك بوونەوەیەیان پتر هەست پێ کردوە. بەڵام شتیك کە جیگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم دوو ریژیمە تەنانەت لەسەر مەسەلەی عیراقیش هاودەنگ نین. چونکە تورکیە لە هەمان کاتدا کە دژایەتی دابەشبوونی خاکی عیراق دەکا خۆی دەستی لە داواکاری خاکی عیراق (ویلایەتی موسڵ) هەلنەگرتوە. سروشتییە کە ئیران دژایەتی لەگەڵ سیاسەتیکی ئەوتۆدا دەکا. کۆماری ئیسلامی بە روالەت پشتیوانی لە یەکپارچەیی خاکی عیراق دەکا، بەڵام مەبەستی سەرەکیی ئەو ریژیمە ئەوەیە کە وا ئیلقا بکا کە گۆیا کوردەکان دەیانەوێ خاکی عیراق پارچە پارچە بکەن. ئەمە لە کاتیکدایە کە حیزبە سەرەکییەکانی کوردستانی عیراق راشکاوانە رایانگەیاندوە کە نایانەوێ خاکی عیراق پارچە پارچە بکرێ. هەلویستی حیزبە سەرەکییەکانی کوردستانی عیراق ئیتر گۆرەپانی مانۆر بۆ ئیرانو تورکیە تەنگ دەکاتەوەو لە بەرامبەر هەر چەشنە دژایەتیو مەترسی دەربرینیکی ئەو دوو وڵاتە لە پارچە پارچە بوونی خاکی عیراق هیمایەکی گەورەی پرسیار دادەنی.

بەگشتیو بەکورتی ئاسۆیەکی روون بۆ پەیوەندییەکانی ئیرانو تورکیە ئەویش لە دریژخایەندا بەدی ناکرێو ئەو دوو وڵاتە ناتوانن بگەنە ریککەوتننامەیەکی ئیستراتژیكو دریژخایەنو تەواوی پەیوەندیو ریککەوتنەکانیان لە چوارچیوەی ریکەوتنگەلیکی تاکتیکیو کورتخایەندا دەمیننەوە.

⌘⌘⌘

# هەڵوێستی نوێی ئەمریکا سەبارەت بە عەرەفات

ئاسۆی حەسەن زادە

وتاری جۆرج .و. بوش سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان کە ئیوارەی دووشەممە ٢٤ی ژوئەنی ٢٠٠٢ لە کۆشکی سپی پیشکەشی کرد نوختەیەکی گرنگی دیکە لە تۆماری زیاتر لە نیو سەدە کیشەی نیوان ئیسرائیلو عەرەبە. رەوتی ئەو مەسەلەیە کە پاش دەیان ساڵ دەبەریەکەوە چوونو ئاڵۆزیو ئاکامە سیاسیو مرۆڤایەتییە ناخۆشەکانی لە دەساڵەی دوایی دا پیی نابووە قۆناغیکی تا رادەیەك هیوابەخش، سەرەنجام بەهۆی هەڵمسانەوەی جێمستی توندرەوەکانی هەردووڵاو نەبوونی کەشیکی ناوچەییو نیونەتەوەیی هانادەر، لە بیستو یەك مانگی رابردوودا تووشی قەیرانیکی قووڵ و بێ ئاسۆ بووەوە.

یەکیك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو قەیرانە کە لەرزۆکیو کورت خایەنیی ستراتیژیی رەسمیی سەرجەم ئەکتەرەکانی کیشەکەیە، لە هەڵویستی تازەی ئەمریکاش لەمەر شیوە چارەسەری ئەو ناکۆکییە میژووییەدا خۆی دەنوینێ.

جۆرج بوش لە قسەکانی دا روانگەکانی بەریوەبەریی ئەمریکا سەبارەت بە قۆناغەکانی گەیشتن بە چارەسەری یەکجاریی کیشەی ئیسرائیلو فەلەستینییەکانی خستە روو. بە پیی ئەو نەخشەیە دوای پیکهاتنی چوارچیوەیەکی نیهادیی نویو جیاواز لەوە کە ریککەوتننامەی ئۆسلۆ بۆ بەریوەبردنی فەلەستینی دانابوو، دەسەڵاتی تازە هەڵبژیراوی فەلەستین (سەروبەندی ساڵی تازەی زایینی) ئەرکی وتوویژ بۆ گەیشتن بە کۆمەڵە ریککەوتنیکی ئەمنییەتی لەگەڵ ئیسرائیلو ئوردونو میسری لەسەر شان دەبێو ئینجا (دەوروبەری هاوینی ٢٠٠٥) دەرفەتی دامەزرانی دەولەتیکی کاتیی فەلەستین پیك دێ.

سەرەرای ناروون مانەوەی هەڵویستی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر زۆر نوختەی ناسکی وەك وەزعیەتی یەکجاریی قودس ـ ئورشەلیمو مەسەلەی پەنابەرەکانو تەنانەت ئیعتباری لەمەودوای ریککەوتننامەی ئۆسلۆ، نیوەرۆکی ئەو وتارە لە پیوەندی لەگەڵ کۆنکریت کرانی "بەڵینی بوش" کە پاییزی ٢٠٠١ بۆ بنیاتنانی دەولەتی فەلەستین راگەیەندرابوو گرنگییەکی میژوویی هەیە. بەڵام شتیك کە زیاتر لە هەرچی دیکە سەرنجی میدیاکانی راکیشاو زەینی چاوەدیرانی شڵەژاند ئەوەبوو کە جۆرج بوش بە بێ ئەوەی راستەوخۆ ناوی یاسر عەرەفات بینێ رایگەیاند کە بەجیگەیاندنی ئەو نەخشەیەو یارمەتیی سیاسیو ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان بە فەلەستین بە لەسەرکارلاچوونی لیپرسراوانی ئیستای فەلەستینەوە بەستراوتەوە. ئەو، ناکارامەیی بەریوەبەری دەسەڵاتی فەلەستین بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمو هەڵسووراندنی پر خەوشی نیهادەکانی خودموختار لەلایەن ویەوەی کردە پاساوی ئەو هەڵویستەو ویرای هاندانی گەلی فەلەستین بۆ هەڵبژاردنی ریبەرانیکی دیکە گوتی:"دەولەتی فەلەستین لەسەر تیرۆریزم دانامەزرێ بەڵکوو پیویستە بناغەکەی بنیاتو نیهادی نویی سیاسیو ئابووری بن کە بە پرەنسیپەکانی دیموکراسیو ئابووریی بازارو خەبات لە دژی تیرۆریزم پابەند بن".

مەرجی ئەمریکا لەمەر لە مەیدان چوونەدەری عەرەفات نوختەگۆرانیکی گرنگو مەترسیدار لە سیاسەتی ئەو وڵاتە لە رۆژهەڵاتی نیوەراست دایە. بەریوەبەریی ئەمریکا دوای ئەو رەخنانەی پاش کارەساتی ١١ی سیپتامبر لە پیوەندی لەگەڵ کیشەی فەلەستین دا لیی گیرابوون سیاسەتیکی بە رواڵەت بێلایەنانەتری گرتبووە بەرو هەتا دوو حەوتوو لەمەوبەر بەرەسمی رایدەگەیاند کە عەرەفات هەروا بە "مخاطب"ی خۆی دادەنێو لەو پیوەندییەدا کاربەدەستانی پایەبەرزی وەك کۆڵین پاول وەزیری دەرەوە لەسەر ئەو باوەرە سوور بوون کە ریگای ئاشتی، بمانەوێ نەمانەوێ بە نشینگەکەی عەرەفات دا تێدەپەرێ. بەڵام پاش سەرنەکەوتنی عەمەلیاتی بەربڵاوی ئیسرائیل بۆ بنەبرکردنی تیرۆریزمو دریژەکیشانی تەقینەوە خۆکوژییەکان بۆچوونی لیپرسراوانی وەك دۆناڵد رامسفیلد وەزیری دیفاع سەبارەت بە وازهینان لە سەرۆکی ریکخراوی رزگاریدەری فەلەستین قەناعەتی بە جۆرج بوش هینا.

ئەوەش بووە مایەی خۆشحالیی حکوومەتی ئاریەل شارۆن کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی نیوەرۆکی وتاری بوش لە پیوەندی لەگەڵ کۆتایی هینان بەداگیرکردنی سەرزەمینە فەلەستینییەکانو راگرتنی کۆلۆنییەکانوگەرانەوە بۆ وەزعییەتی پیش ساڵی ١٩٦٧، رەزایەتی لەوە دەربری کە لە هەولی تەریك خستنەوەی عەرەفات دا دەولەتی ئەمریکای رەگەڵ کەوتوە. لەولاشەوە فەلەستینییەکان لەگەڵ تووڕەییشیان لەو مەرجە "نارەواو سەرەرۆیییانە"یەی بوش بەرەسمی تەنیا رایان گەیاند کە ئەو وتارە بە هەنگاویکی گرنگ بەرەو ئاشتی دادەنین. ئەوە هەروەها هەڵویستی وڵاتە عەرەبییەکان بە تایبەتی ئۆردونو میسر بوو کە دیارە مەرجی لەسەرکار لاچوونی عەرەفاتیان تەئیید نەکرد. هەرچی ئورووپاییەکانو تەنانەت ئینگلستانیش ویرای پشتیوانی لە گەڵاڵەی ئاشتیی بوش رایان گەیاند کە ئەوە فەلەستینییەکان بۆخۆیانن کە دەبێ بریار بدەن کێ ریبەرایەتییان دەکا.

هەڵویستی نویی ئەمریکا سەبارەت بە عەرەفات دوو پرسیاری تەواو لیك جیا لە پیوەندی لەگەڵ رەوابوونی هەڵویستیکی وا دا لە لایەكو بێجێ بوونی ئەو هەڵویستە لە لایەکی دیکەوە دینیتە پیش.

پرسیاری یەکەم بریتییە لەوە کە ئایا کاربەدەستانی دەولەتیك هەرچەند تاکە زلهیزی جیهانی ئەمرۆش بێ دەتوانن حوکمی مەشرووع بوون یان نەبوون بۆ نوینەرانو لیپرسراوانی گەل یا دەولەتیکی دیکە دەربکەن؟ راستە کە روانینیکی واقیعبینانە لە پیوەندییە نیونەتەوەییەکان ئەوە لەبەرچاو دەگرێ کە بزوینەری سەرەکیی ئەو پیوەندییانە هاوکیشەی هیزەکانەو قسەی ئاخیر دەبیرخانە حکوومەتییەکان دەیکەن. بەڵام بە لەبیر بوونی ئەو راستییە کە لە سەردەمی گلۆبالیزمی تۆتال (بە جیهانی بوونی گشت بوارەکان)دا سەرجەم دیاردەو رووداوەکان بە چووكو گەورەوە شوین لەسەر یەکتری دادەنین. هەروەها بە سەرنجدان بە رەوتی ئەمرۆی خەباتی نیونەتەوەیی دژی تیرۆریزم کە بوەتە هۆی ئەوە کە جەمسەرو لایەنە جۆربەجۆرەکان هەرکامەیان بە نیازی خۆی لیستی ریکخراوە تیرۆریستییەکان داریژیو بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت ئامادە بێ هەقانییەتی خەباتی گەلان بۆ ئازادی بکاتە قوربانی، رەنگە روانینیکی ئەخلاقییش لەو مەسەلەیە بێسوود نەبێ.

پاش بڵاو بوونەوەی وتارەکەی جۆرج بوش زۆر لایەنو سەرچاوە ئەو پرسیارەیان کرد کە ئایا سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان بە چ تیترو عینوانیك خۆی بۆ سەر سفرەی کاروباری نیوخۆیی فەلەستینییەکان دەعوەت دەکا؟ ئەوە کە ئاوازی وتەکانی سەرۆك بوش خۆبەزلزانانەو سەرەرۆیانە بووە یان نا زۆر شیاوی خۆ پیوە ماندوو کردن نیەو گرنگ جەوهەری شتەکانە. جیا لەوە کە دەستیوەردانی مەعنەویی دەولەتیك لە کاروباری نیوخۆیی گەلو وڵاتیکی دیکە لە حالەتیکی دیاریکراودا چەندە بەجییە، هەموو ئەو کاتانەی ئەو دەولەتە مەشرووعییەتی کاربەدەستانی ئەو گەلو وڵاتە دەخاتە ژیر پرسیار، پیویستە هەڵویستو دژکردەوەکان لە ئاست ئەو رەفتارەدا زۆر بە پاریزو ژیرانە بنو هەولی بە پەلەو کویرانە بۆ لەقاودانی ئەو خۆتێهەڵقوتاندنە لە کاتو شوینیکی تایبەتیدا دەتوانێ ئاکامی زیانبەخشو نەخوازراو لە کاتو شوینەکانی دیکەدا بە دوای خۆی دا بینێ.

بە واتایەکی دیکە ئەگەر ئیمە ئارەزوومان بێ کە چاوەدیریی نیونەتەوەیی هەڵسوکەوتی لیپرسراوانی میللەتیك لە بواری دیموکراسی، مافی مرۆڤ، حکوومەتی قانوون، بەریوەبردنی سالمی نیهادە سیاسییەکانو هتد دا لەوەی ئیستا زیاتر گەشە بکاو بۆ هەمیشە جیگیر ببێ، دەبێ باجەکانی ئەو دەسکەوتەش لە مەوریدیکی موشەخخەس دا قبووڵ بکەین.

هەروەك لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەگەرچی خەبات دژی تیرۆریزم دەکاتە ئیلهامی ئەسڵیی هەڵویستی تازەی دەولەتەکەی، هیندیك هۆکاری دیکەش دەخاتە پیش کە ریچکەی هەموویان دەچیتەوە سەر مەقوولەی "مەشرووعییەتی دیموکراتیك". ئەسلی مەشرووعییەتی دیموکراتیك ئەگەرچی بناغەکانی بەرەسمی ناسینی جیهانیی لە پەنجا ساڵ لەمەوبەرەوە لە مافی نیونەتەوەییدا داریژراون، لەوکاتەوە تا ئەمرۆ ریگایەکی "پر هەورازو نشیو"ی بریوەو بێوچان لەگەڵ ئەسڵەکانی دیکەی وەك "حاکمیت مطلق"، قەدەغەبوونی دەخالەتو سەربەخۆیی نیهادیی دەولەتان دا لە ملمڵانییەکی نابەرامبەردا بووە. سەرچاوەی ئەو ئەسلە ئەو تەفسیرەیە کە دەولەتانی رۆژئاوا لە"مافی دانانی چارەنووسی گەلان" یان بەو جۆرە کە لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووکانو پەیمانە نیونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ (١٩٦٦)دا هاتوە کردوەو بریتییە لە مافی دیاریکردنو بەشداریی ئازادانەی خەڵکی وڵاتیك لە نیهادە سیاسییەکانی حکوومەتی ئەو وڵاتەدا. دیموکراسی کە بەرهەمی بەجیگەیاندنی ئەو ئەسڵەیە ئەمرۆ لە ئاستی ناوچەیی قاررەکانی ئورووپاو ئەمریکادا بووەتە نەریتیکی نیودەولەتیو ریکخراوەکانی ئەو قاررانە (شوورای ئورووپا، یەکیەتیی ئورووپا، ریکخراوی ئەمنیەتو هاوکاری، ریکخراوی دەولەتە ئەمریکاییەکان، ) مەشرووعییەتی دیموکراتیکیان کردوەتە مەرجی سەرەکیی ئەندامەتیو پیوانەی یارمەتیدانی وڵاتانیدیکەو ئامادەن تا ئەو جیگایەی بلوێ لە پیوەندییەکانی دەرەوەی خۆیانو دەولەتە پیکهینەرەکانیان دا بیچەسپینن. هەرچی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشە، سەرەرای بوونی زۆر ریوشوینی گونجاو لە تیکستەکانی وەك بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ (١٩٤٨)و بریارنامەی کۆری گشتی، بە دریژایی سەردەمی شەری ساردو بیجگە لە مەوریدەکانی جیاوازیدانانی رەگەزی (تبعیض نژادی) نەیتوانیبوو هەولیکی کاریگەری ئەوتۆ بۆ جیگیرکردنی جیهانیی ئیدەی مەشرووعییەتی بەریوەبەرانی خەڵك بدا. بەڵام رووداوەکانی دەساڵەی کۆتایی سەدەی رابردوو لە ئورووپای رۆژهەڵاتو تەقینەوەی کیشە نیوخۆییەکانی وڵاتان لە گۆشە جۆربەجۆرەکانی دنیادا ئەو ریکخراوەیان هینایە سەر ئەو قەناعەتە کە ئاشتیو گەشەسەندن بە دیموکراسیو مافی مرۆڤەوە بەندن. هەربۆیە مەشرووعییەتی دیموکراتیکیش وردە وردە لە پراکتیکی نیونەتەوەییدا جیی خۆی کردەوەو نەتەوە یەکگرتووەکان بە تایبەتی لە سەردەمی سکرتیریی "پطرس پطرس غالی"و دوای ویش دا بۆ سەقامگیرو پتەوکردنو پاراستنی تێکۆشاون، ئەوەش چ لە کۆنتیکستی ئەمنییەتو ئاسایش دا (بۆ نموونە بریارنامەی ٨٤١ی ساڵی ١٩٩٣ی ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر هاییتی)و چ لە بواری پاریزگاریی نیونەتەوەیی مافی مرۆڤ دا (بۆنموونە بریارنامەی کۆتایی کۆنفرانسی جیهانیی ئەو ساڵە لە ڤییەنو سەرجەم پەسندکراوەکانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ بەرچاو دەکەوێ.

کەوابوو نە لەباری مەعنەویو نە لەلایەنی یاساییەوە ئەمرۆ ئیدی هەق وا نیە لەوە هەڵبەزینەوە کە دەولەتیك رەخنە لە مەشرووعییەتی کاربەدەستانی گەلیکی دیکە بگرێو ئەو سەردەمە بەسەر چووە کە دیموکراسیو مافی مرۆڤ بە کاروباری نیوخۆیی لە قەڵەم دەدران. لەو پیوەندییەدا دەمەتەقیی ئەم دواییانەی نیوان وڵاتانی سکاندیناڤی لەسەر پەسندکردنی کۆمەڵە ریوشوینیکی دژ بە بیگانەکان لەلایەن دەولەتی دانمارکەوە تازەترین نموونەیە.





بەڵام هەڵسەنگاندنی ئەوە کە رەخنەو خۆتێهەڵقوتاندنیکی وا لە مەوریدیکی تایبەتیدا چەندە بەجێیە مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە. سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان بە وتەکانی وادەگەیەنێ کە تەگەرەی سەر ریی ئاشتی یاسر عەرەفاتە، هەربۆیەش بوو کە سەرچاوەیەکی غەیرە رەسمی ناوبراوی بە "چوب لای چرخ" لە قەڵەم دا. مەسەلەی ئەسلییش لەو نیوەدا راست ئەوەیە کە بزانین داخوا لە پرۆسەی ئاشتیی رۆژهەڵاتی نزیك دا "چوب لای چرخ" کێیە یان باشتر بڵیین چییە؟

وەزیری پیوەندییەکانی حکوومەتی شارۆن لەسەر قسەکانی سەرۆك بوش گوتی ئەو وتارە وەك ئەوە وابوو لیپرسراویکی لیکوود نووسیبیتی"! راستییەکەی ئەوەیە کە سەرەرای بەڵینە پر بایەخەکانی بۆ بنیاتنانی دەولەتیکی فەلەستینی، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان بە هاودەنگ بوون لەگەڵ شارۆن سەبارەت بە پشت کردن لە عەرەفات گرەویکی پر لە ریسکی کردوە، چونکە زۆر وێ دەچێ ئاریەل شارۆنو هاوکارە دەستە راستییەکانی کە باوەریان نە بە ریککەوتنەکانی مادریدو ئۆسلۆ هەیەو نە بە گەڵاڵەکانی دواتری ئاشتی وەك گەڵاڵەی تینیتو میچیلو پلانی بەیرووت، ئامانجی ئەسلیو بەحاڵ شاراوەیان راگرتنی ستاتووکۆو ئەبەدیکردنی ئەمری واقیعو تواندنەوەی نیشتمانی فەلەستینە، بە گوێیەکی دیکە ئەو وتارەیان گوێ لێبووە. تەگەرەی سەر ریگای ئاشتی بێشك تیرۆریزمو کەمیکازەکانی حەماس هەن، بەڵام هەروەها ئەو کاربەدەستە ئیسرائیلییانەشن کە شتیك بە گەلی فەلەستین رەوا نابینن تەنانەت ئەو پەسندکراوانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە وەختی خۆی وەك ئەساسی حوقووقیی بنیاتنانی دەولەتی ئیسرائیل بەکاریان هیناون (وەك بریارنامەی ساڵی ١٩٤٧ی کۆری گشتی لەسەر دابەشکردنی فەلەستین) بەکەم دەگرنو ئیستاش حازر بە بەجیگەیاندنی بریارنامەی ٢٤٢ی ئەنجومەنی ئاسایشو گەرانەوە بۆ وەزعییەتی پیش ساڵی ١٩٦٧و دەست هەڵگرتن لە داگیرکردنو کۆلۆنیریژکردنی سەرزەمینە فەلەستینییەکان نین.

دەولەتی ئیسرائیل لە مامەڵە لەگەڵ گەلی فەلەستین و دراوسیکانیدا چ لە رابردوداو چ بە تایبەتی ئەمرۆ ئەمنییەتی کردوەتە پاساوی هەمیشەیی کاروکردەوەکانی خۆی. شکی تیدا نیە کە ئەمنییەتو ئاسایش ئامانجیکی رەوای هەر دەولەتیکە. بەڵام برکردنی پاساویکی ئەوتۆ ئەوکاتە لەکزی دەدا کە ئەمنییەت بکریتە بیانووی پیشگیری لەداخوازەرەواکانی گەلیکی دیکەو بەم جۆرە ئەو هۆکارە ریشەییانەی هەرەشە لە ئەمنییەت دەکەن پشت گوێ بخرین. تۆ بڵیی گەلیك کە داهاتوویەکی بیجگە لە ئاپارتایدو چەوساندنەوەو بەکەمگیرانی پێ نیشان نەدرێو دەرگاکانی وەدیهینانی هیمنانەی مافەکانی لەسەر داخرین پەنا بۆ توندو تیژی نەباو رۆڵە بێ دەرەتان بووەکانی لە داوی توندرەویو بنیاتگەرایی نەکەون؟ هەروەك سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان ئیشارەی پێکرد بەرژەوەندیی ئیسرائیل لە بوونی دەولەتیکی دیموکراتو سەقامگرتووی فەلەستینی دایە. لە راستیدا ئاشتی ئەو وەختە دەتوانێ بەردەوامو راستەقینە بێ کە هەردووڵا بە تیك گەیشتنو دلخوازیو لەخۆبوردووییەوە بۆ کەمکردنەوەو نەهیشتنی تەوژمی دەستەو تاقمە رادیکالەکانی یەکتر تێبکۆشنو بە لەنیوبردنی زهنییەتی تیرۆر تیرۆریزم خاشەبر بکەن. جگە لەوەش دووربینیو عەدالەت ئەوە دەخوازن کە لەگەڵ مەسەلە هەرە حەیاتییەکانی هەردووڵا ئازایانە مامەڵە بکرێ. بۆنموونە لە حالیك دا جۆرج بوش باسی بنیات نانی دوو دەولەت لە پەنا یەکتری دەکا، ئایا دەکرێ کۆلۆنییە یەهوودییەکان کەسەرزەمینە فەلەستینییەکانیان کردۆتە بیژینگ نەکەونەوە ژیر پرسیار؟ چما دەکرێ قازانجی نەسلەکانی داهاتووی هەردوو گەل یەخسیری ئیحساسو غەریزەکانی نەسلی ئیستایان بن؟

بەم جۆرە دەبینین کە هەڵویستی نویی ئەمریکا لەسەر ئەو کیشەیە کەلینو کولینی زۆر مەترسیداری تیدانو وادیارە عەیبو لەنگەکانی دینامیکی پرۆسەکە لە بەرپرسیاریی یەکیك لە مۆرەکانیدا کورت کراونەوە.

بۆ لاپەڕەی ٥

# مەواددی موخەددیر؛ هۆیەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی

## بەبۆنەی رۆژی جیهانیی خەبات بە دژی مەواددی موخەددیر

ع. بداغی

ئەمڕۆکە خەبات بە دژی مەواددی موخەددیر لە ئاستی نیونەتەوەیی‌دا سیاسەتی (کلان)ی زۆربەی وڵاتانی دنیایە. مەسرەفی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری مەواددی موخەددیر بە شیوەیەکی سەرسورهینەر لە نیو گەلانی دنیادا پەرەی ئەستاندوەو کۆمەلگای بەشەری لەگەڵ مەترسی‌یەکی گەورە رووبەروو کردۆتەوە. باندە نهینی‌و مافیاکان لە تەواوی ئەو وڵاتانەی وا مەواددی موخەددیریان لی بەرهەم دێ یان ترانزیت دەکرێ‌و لیی بڵاو دەکریتەوە، سەدان رایەلکەی مەرگهینەریان تەنیوەو بەتەواوی هیزی خۆیانەوە لەگەڵ هەر بەربەست‌و بەرهەلستیك بەرەوروو دەبنەوە. قازانجی زۆرو لە رادەبەدەری مافیا لە ساتوسەودای مەواددی موخەددیر بۆتە هۆی ئەوەی ئەو سازمانە بە کەلك وەرگرتن لە تۆرەکانی ژیر دەسەڵاتی خۆی بەردەوام لە هەولی بەرفراوانکردنی فەزاو گۆرەپان بۆ فرۆشتن‌و مەسرەفی زۆرتری مەواددی موخەددیر دابێ.

لە بەرامبەریش‌دا مەترسیی رۆژ لە رۆژ زیاتری پەرەگرتن‌و تەشەنەی ئیعتیاد وای کردوە کە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پیشگرتن لە بەرهەم هینان‌و قاچاخی مەواددی موخەددیر هەیئەتیکی کۆنترۆڵ پیك بینێ‌و دەولەتانی ئەندام بەتەواوی هیزوە یارمەتیی ئەو کۆمیتەیە بدەن. جگە لەوەش لە هەر ناوچەیەکی دنیا چەند وڵاتیکی هاوپەیمان پیکەوە بەرەیەکی خەبات دژی قاچاخی مەواددی موخەددیر یان پیك هیناوە، بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا لە بەربەرەکانی لەگەڵ مافیادا سەرکەوتوو نەبوون. چونکە مافیا لە هەموو ئەو ناوچانەی وا لە ژیر کۆنترۆلی خۆی‌دایە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی‌و تۆرەکانی ژیر دەسەڵاتی، هیزەکانی خۆی بە جۆرەها چەکوچۆڵ تەیار کردوەو تەنانەت لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا هیزەکانی دەولەتی ورەی بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ ئەواندا نیەو خۆیان لە قەرەیان نادەن‌و لەگەلیان دەسازین.

ئیستا ٧٠٪ی ئەو مەوادده موخەددیرەی لە ئورووپا مەسرەف دەکرێ لە ئەفغانستان را دابین دەکرێ‌و ئیرانیش بە هۆی هەلکەوتی جوغرافیایی‌و سنووری دوورو دریژی هاوبەش لەگەڵ ئەو وڵاتەو هەروەها لاوازی‌و بێ‌دەسەڵاتیی هیزە ئینتیزامی‌یەکانی لەبارترین وڵاتە بۆ ترانزیت‌و بەریکردنی مەوادد بۆ ئورووپا. بەڵام ئایا مافیا تەواوی مەواددی بەرهەمهاتوولە ئەفغانستان‌را بۆ ئورووپا ترانزیت دەکا؟ بارودۆخی ئیستای ئیران ئەوە دەسەلمینێ کە بەشیکی زۆر لەو مەوادده لە نیو خۆی ئیران‌دا بڵاو دەبیتەوە.

لە ئیرانی ژیر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش‌دا دیاردەی ئیعتیاد وەك دیاری‌یەکی نگریس رۆژ بە رۆژ پەرەی ئەستاندوەو سەری لە هەموو جییەك دەرهیناوە. پیش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی رادەی مەسرەفی مەواددی موخەددیر یەکجار کەم بووو نیونجی تەمەنی توشبووان لە ژوور ٤٠ سالی‌یەوە بووە. بەڵام بە چاوخشاندنیك بەو ئامارانەی کە لەم پیوەندی‌یەدا بڵاوبوونەتەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لە ماوەی ٢٣ ساڵ دەسەڵاتدارەتی ریژیم‌دا ئیعتیاد بە شیوەیەکی سەرسوورهینەر تەشەنەی کردوەو کۆمەلگای ئیرانی لەگەڵ مەترسی‌و قەیرانیکی قووڵ‌دا بەرەوروو کردۆتەوە. "فەللاح"بەناو دەبیری ستادی خەبات بە دژی مەواددی موخەددیر دەلێ، ریژەی موعتادەکانی ئیران لە نیوان ٢ تا ٣ میلیۆن کەس‌دایە، بەڵام بەریوەبەرانی دیکەی ریژیم گوتویانە کە ١٠٪ی حەشیمەتی ئیران مەواد بەکار دینن کە بەو پییە ریژەی تووشبوان خۆی لە ٦ میلیۆن کەس دەدا، کە هەشتا لە سەدی ئەو کەسانە تەمەنیان لە ٣٠ ساڵ کەمترە. جگە لەوەی سەرۆکی ریکخراوی بیهزیستیی ئیران دەلێ:" کە ژمارەی ئەو کەسانەی بۆ رابواردن‌و "تفنن" مەواد بەکار دینن لە سنووری ٥ میلیون کەس تیپەریوە".[1]

ئیستا بە سەرنجدان بەو راستی‌یە کە حەشیمەتی ئیران حەشیمەتیکی لاوەو لاوەکانیش زیاتر لە هەر تویژیکی دیکەی کۆمەڵ کەوتوونەتە بەر مەترسیی گیرۆدەبوونی مەواددی موخەددیر، دەبێ چاوەروانی چ داهاتوویەکی روون بۆ ئیرانی سبەینێ بین. کۆماری ئیسلامی لە روالەت‌دا ئالای خەبات دژی قاچاخی مەواددی موخەددیری هەلگرتووەو ساڵانە بە سەدان میلیون دۆلار لە وڵاتانی ئورووپاو نەتەوە یەکگرتوەکان یارمەتی وەردەگرێ‌و هیشتا بریکیشیان قەرزدار دەکاو دەلێ: ئەگەر من لیرەو لە ئیران پیش بە ترانزیتی مەواد نەگرم ئورووپا لە مەواددی موخەددیردا نوقم دەبێ. هەر وەها باس لەوە دەکەن کە لە سەرەتای شۆرش‌را تا ئیستا دەستیان بە سەر چەند هەزار تۆن مەوادادا گرتوە، زیاتر لە دوو هەزار قاچاخچییان ئیعدام کردوە، ٧٠٪ی بوودجەی زیندانەکانیان بۆ خەبات بە دژی ئیعتیاد تەرخان کردوە"[2]، بەڵام لیرەدا هیندیك پرسیار دینە گۆرێ. چۆنە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا کە فەزایەکی داخراون‌و بە غەیری کانالە یاسایی‌یەکان نەبێ، بە هیچ شیوەیەك لەگەڵ دنیای دەرەوەدا پیوەندییان نیەو هەموو هاتوچۆیەك لە ژیر چاوەدیریی سیستمی زیندان‌دایە، رۆژ بە رۆژ بە ئاماری موعتادانی نیو زیندانەکان زیاد دەبێ‌و لایەکی‌تریشەوە ٧٠٪ بوودجەی زیندان بۆ ئەم خەباتە! تەرخان کراوە؟ چۆنە لە هەموو گوندو شاریك، لە سەر چواررییەکان را بگرە تا شوینە گشتی‌یەکان وەك سەیرانگەو کتیبخانەو مەدرەسەکان‌و زانستگەکان زۆر بە هاسانی‌و بە ئاشکرا مەوادد دەست دەکەوێ‌و هیچ هیزیکی بەرەنگاریش لە گۆرێ‌دا نیە؟

لەو چەند هەزار تۆن مەوادەی وا دەستی بەسەردا گیراوە، چەندی سوتیندراوە یان هەر نەسوتیندراوەو لە نیو بازاردا بڵاوکراوەتەوە یان ترانزیت کراوە؟ ئەوە نیشانەی سیاسەتی یەك بان‌و دوو هەوای کۆماری ئیسلامی‌یەو نیشاندەری ئەوەیە کە ریژیم نەتەنیا لە مەیدانی خەبات دژی مەواددی موخەددیردا نەخشی نەبووە بەلکوو ریگاش بۆ پەرەسەندنی لە نیو کۆمەڵ‌و تیوەگلاندنی لاوەکان خۆش کردوە. بەڵام لاویك چۆن گیرۆدەی مەواددی موخەددیر دەبێ‌و بەدەستی خۆی، داهاتووی خۆی بەسەر خۆی‌دا ویران دەکا؟ کاتیك کە ئاسۆیەکی روون لە ژیانی خۆی‌دا بەدی ناکا، کاتیك بیکاری تەنگی پێ هەڵ دەچنێ، کاتیك کە وەڵامی هەر داوایەکی تەنیا بە توندو تیژی‌و سەرکوت دەدریتەوە، کاتیك کە ناهومیدی‌و خەمۆکی سەرتاپای وجوودی دادەگرێ، کاتیك لەبەر چاویەوە عەدالەتی کۆمەڵایەتی پیشیل دەکرێ، کاتیك دەبینێ تاقمیك بە بێ هیچ زەحمەتیك باشترین ژیانیان پیهیناوە، بەڵام بە میلیونان کەس بە کویرەوەری‌و کولەمەرگی دەژین‌و تەنانەت نانی شەویان بۆ پەیدا نابێ، کاتیك لەگەڵ دەیان گریی رەوانی لە ناخی خۆی‌دا دەستەو یەخەیە، کاتیك بەربەستەکانی کۆمەلگای سوننەتی‌و یاساو ریسای کۆن‌و بێ‌بناغەی نیزام‌و دەسەڵات هەر هەنگاویکی شل دەکەن‌و هەر لەو کاتەش‌دا زۆر بە سانایی دەستی بە مەوادد را دەگاو بۆ ئەوەی بۆ دەمیکیش لە چنگی خەم‌و پەژارە رزگاری بیت، هانای بۆ دەباو وردە وردە گیرۆدەی دەبێ‌و تا بە یەکجاری تیی‌دا نوقم دەبێ.

پرسیار ئەمەیە کە لە پیکهاتنی ئەم فەزایەدا کێ تاوانبارە؟ بە بێ هیچ گومانیك کۆماری ئیسلامی وەك تاوانباری سەرەکیی بڵاوکەرەوەی مەواددی موخەددیرو پەرەپیدان بە ئیعتیاد لە نیو ئیراندا دەناسرێ‌و روون‌و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی بە ئانقەست لەم پیلانە وەك ئامرازیك بۆ جیبەجێ‌کردنی سیاسەتە دژی گەلی‌و چەپەلەکانی خۆی کەلك وەردەگرێ. هەر وەك لە سەرەتاش‌دا باسمان کرد وڵاتی ئیران شادەماری ترانزیتی مەواددی موخەددیر بۆ ئورووپایە. لە لایەك کە هیزە ئەمنییەتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی توانایی بەرەنگاری و بەربەرەکانێ لەگەڵ باندەکانی ترانزیتیان نیەو لە لایەکی‌تریش قازانجی زۆری تەجارەتی مەواددی موخەددیر بوونەتە هۆی ئەوە کە ریژیم راستەوخۆ دەگەڵ قاچاخچییان لەپیوەندی‌دا بێ‌و لەگەلیان ببیتە برای شەریکەبەش. تەنانەت ئەو سازانە یەکیك لە سەرچاوە سەرەکی‌یەکانی داهاتی بەشیك لە دەزگاکانی ریژیم‌و ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستان‌و بەرپرسانی ئەو ریژیمەیە. لە لایەکی‌تریشەوە ئاشکرایە کە مافیا لە ترانزیتی مەواددی موخەددیر لە ئیراندا پیویستی بە سیستمیکی بەهیز یا چەند کەسی پایەبەرزی خاوەن دەسەڵات هەیە کە ئەمنییەتی راگواستنی بارەکان وەئەستۆ بگرن‌و لایەنی راستەوخۆی پیوەندی لەگەڵ قاچاخچییان پیك بینن. چونکە مافیا باش دەزانێ کە کەسانی ناوچە ئەوەندەیان توانایی‌و دەسەڵات نیە کە ئەمنییەتی بارەکان لە تەواوی مەسیری ترانزیتی ئیراندا بپاریزن، بۆیە دەبێ لە هەولی تیوەگلاندنی کەسانیکی خاوەن نفووزدا بێ تا بتوانێ بە بێ دلەراوکێ‌و نیگەرانی بارەکانی خۆی ترانزیت بکاو بۆیە ریبەرانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی لەبارترینی ئەو کەسانەن کە بۆ بەریوەبردنی ئەم گەلاڵەی مافیا هەلبژیراون. شوین پەنجەی ریبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ترانزیت‌و بڵاوکردنەوەی مەواددی موخەددیر لە نیو خۆی ئیراندا بە ئاشکرا دیارە. سیاسەت‌و بەرخوردی کۆماری ئیسلامی لەو

بۆلاپەری ١٠




### هەلویستی نویی ئەمریکا . . .

ئەگینا ئەوە کە سیستمی ئابووریی بازار لە فەلەستین پیادە بکرێ‌و ریفۆرم لە نیهادە بەریوەبەری‌یەکان دا پیك بێ کوا دەتوانێ تیرۆریزم خاشەبر بکا، مەگەر وڵاتیکی وەك ئیسپانیا سەرجەم ئەو مەرجانە وەبەرچاو ناگرێ کە لەگەڵ تیرۆریزم دەستەویەخەیە؟ لەوەش زیاتر، ئەمریکایی‌یەکان کە هەتا پیش کارەساتی ١١ی سیپتامبر لەگەڵ تالیبان وتوویژیان دەکردو ئەمرۆش لەگەڵ دیکتاتۆرترین‌و فاسیدترین ریژیمەکان لە سات‌و سەودا دان، ئەوە چۆنە ئیستا لە فەلەستین کەیفیەتی "مخاطب"ەکەیان لە لا گرنگە؟!

تازە ئەگەر قسە بیتە سەر ئەوەش رەنگە بە ئاسانی بلیین کە کارنامەی فەلەستینی‌یەکان لە زۆر بارەوە لە هی زۆر لە حکوومەت‌و تاقمە دەسەڵاتدارەکانی ناوچە ئابروومەندانەترە. ئەوەندەی پیوەندیی بە مەشرووعییەتەوە هەیە، بەبێ موبالەغە دەکرێ بگوترێ کە یاسر عەرەفات بە تەنیا هەموو چەشنەکانی مەشرووعییەت ـ بەو جۆرە کە بۆ نموونە کۆمەلناسی بەناوبانگ "ماکس ویبیر" باسی دەکا (مەشرووعییەتی میژوویی، کاریسماتیك، و تەنانەت دیموکراتیك)ی بە زەقی تیدان. عەرەفات خاوەنی رابردوویەکی خەباتگیریی بێ‌وینەیەو وەرگرتنی خەڵاتی نۆبیل‌و ریزی زۆری وی لە لای سەرۆکی پیشووی وڵاتە یەکگرتووەکان‌و لەوانەش گرنگتر خۆشەویستیی لە نیو خەلکەکەی دا کە هیشتا بە سەمبوولی خۆراگریی دادەنین‌و تەنانەت ئیسلامی‌یە توندرەوەکانیش بە پاریزەوە ناوی دینن، هەموویان بەلگەی ئەو راستی‌یەن. هەرچی دام‌و دەزگاکەشیەتی، ئیمە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە ریکخراوی رزگاریدەری فەلەستین وەك هەموو بزووتنەوەکانی سەردەمی خەبات لە دژی ئیستیعمار لەزۆر کۆنەوە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سیفەتی "بزووتنەوەی ئازادیی میللی"ی دراوەتێ کە بە مانای ئەوەیە کە ریکخراوەکە بە نوینەری گەلەکەی دادەنرێ. جگە لەوەش نیهادەکانی دەسەڵاتی خودموختاری فەلەستین بەرهەمی پرۆسەیەکی تەواو مەشرووعن کە لە ژیر سیبەری خودی ئەمریکایی‌یەکان دا هاتبووە دی. سەرجەم ئەو هۆکارانە شانسی ئەوە کە لە هەلبژاردنی سەرەتای سالی داهاتووی زایینی دا گەلی فەلەستین ئەمریکا لە گرەوەکەی‌دا بە دۆراندن بدا، زیاد دەکا. جیا لەوەش وێ دەچێ وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو راستی‌یەی زۆر وەبەرچاو نەگرتبێ کە سیاسەتی کوشت‌وبری ئیسرائیل (بەتایبەتی تیرۆری ئەبوو جیهادو ئەبوو ئەیاد لە ساڵەکانی ١٩٨٨و ١٩٩١دا)و خواستی خودی عەرەفات بۆ پینەگەیشتنی سیمایەکی دیکە بوونە هۆی ئەوە کە ئەمرۆ میراتگریکی دلنیا بۆ عەرەفات وەبەرچاو نەکەوێ‌و زۆربەی روخسارە جێ‌نشینەکان یان لە پشتیوانیی خەلك بێ‌بەشن یان ئەوانەن کە ئیسرائیل بە تیرۆریستیان دادەنێ.

راستە کە نیهادە فەلەستینی‌یەکانی ئیستا سێ ساڵ لە ماوەی پیشبینی‌کراو زیاتر لە کاردا ماونەتەوەو لەوەش خراپتر لە لایەن خودی خەلکی فەلەستینەوە تۆمەتی بەلاریداچوونیان دەدریتە پاڵ. لەو بارەوە ویرای وەبیرهینانەوەی ئەوە کە گەورەترین دیموکراسی‌یەکانی جیهان‌و خودی وڵاتە یەکگرتووەکان گیرۆدەی دیاردەی فەسادن، پیویستە بگوترێ کە ئەوەش هەر لە راستی‌دا ئەنجامی بارودۆخیکە کە فەلەستینی‌یەکانی خراوەتە نیو. قەبزەکردنی دەسەڵات‌و بێ‌فرمان هیشتنەوەی نیهادە هەلبژیراوەکان لە لایەن حیزبە سیاسی‌یەکانەوە لە هەر شوینیك مەحکوومە. بەڵام لە پیوەندی لەگەڵ فەلەستین دا هەق وایە لەبیرمان نەچێ کە حوکمی بوش لە کاتیك دا دەرچووە کە لە چەندین حەوتوو لەمەوبەرەوە خودی یاسر عەرەفات بریاری کۆمەلە هەنگاویکی بەکردەوەی بۆ ریفۆرمی نیهادە بەریوەبەری‌یەکان‌و سرویسە ئەمنییەتی‌یەکان‌و بۆ سازدانی هەلبژاردنی نوێ داوە. جگە لەوەش هۆیەکی سەرەکیی سەرنەکەوتنی دەسەڵاتی خودموختار لە خەبات لە دژی تیرۆریزم دا سیاسەتە داگیرکاری‌یەکانی حکوومەتی شارۆن‌و بێ‌متمانەیی لە رادەبەدەریان بە فەلەستینی‌یەکان بووەو لەو بارەیەوە نموونەی ئەو حالەتانەی ئۆرگانە کارگیری‌یەکانی دەسەڵاتی فەلەستین لە رامەللا بە هۆی لەشکرکیشیی ئیسرائیل نەیان توانیوە کۆ ببنەوە هەر جاریك‌و دوو جار نەبوون. لە راستی‌دا هەر لە سەرەتاوە فەلەستینی‌یەکان کۆمەلە ئەرك‌و ئیجباریکیان خرایە سەر شان بێ‌ئەوەی دەسەڵات‌و ئیمکانی پیویست بۆ بەجیگەیاندنیان درابیتێ.

زیاتر لە سالیك لەمەوبەر یەکیك لە هەڤالەکانی عەرەفات کە هاتبوو لە زانستگەیەکی فەرانسە کۆنفرانس بدا، کاکلی سەرجەم ئەو راستی‌یانەی لە چوار وشەدا پوخت کردەوەو گوتی:"دیموکراسی‌یەکەی ئیمە لە قەدەر حاکمییەتەکەمانە".

■■■

# هەنگاویکی دیکە بەرەو بەهێزکردنی دیکتاتۆریی وەلیی فەقیە

هەژیر

بنەمای قانووی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی لە سەر "قیومیت"(بوونی سەرپەرست) دامەزراوە بە پێی ئەم قانوونە وەلیی فەقیە لە لایەکەوە وەك "سەرپەرستی میللەت" فەرمانڕەوایی دەکاو لە لایەکی دیکەوە پێویستە جەماوەری خەڵك وەك کۆمەڵە منداڵیکی کاڵفام فەرمانەکانی وەلیی فەقیە (سەرپەرستەکەیان) بەڕیوە بەرن.

ڕەفسەنجانی کە سەرۆکایەتیی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی نیزامی لە ئەستۆدایە لە دوایین بڕیاری ئەم کۆڕەدا جەختی کرد لە سەر پێویستیی گونجاندنی هەرچی زیاتری پەسند کراوەکانی مەجلیس لەگەڵ سیاسەتە پەسندکراوەکانی کۆڕی ناوبراودا.

مەبەست لەو کارە ئەوە بوو کە بەم شێوەیە ببێتە لەمپەری یەکێك لە باسکەکانی ڕیفۆرمخوازان ـ کە هەمیشە پەسندکراوەکانی بە دژواری دەتوانن لە فیلتەرە پێچاوپێچەکانی شووڕای نیگابان تێپەڕێ ـ ئەو پەسندکراوانەش کە تەنانەت لەگەڵ قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی‌دا (کە بۆخۆی پڕە لە کەموکووڕی)، یەك دەگرنەوە. بەم پێیە بە کردەوە، ئەرکێکی دیکە بە ئەرکەکانی ڕێبەری نیزام کە ویدەچێ لەگەڵ کەمبوونی پۆستە ئیجراییی‌و چاوەدێری‌یەکاندا بەرەوروو بوو بێ، زیاد بکاو پرۆسەی بە یاسایی کردنی دیکتاتۆری بە ئاکام بگەیەنێ.

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە بە کورتی چاوێ بە ئەرکەکانی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی نیزام‌و شێوەی هەڵبژاردنەکەی‌دا دەخشێنین تا باشتر بۆمان دەرکەوێ کە پرۆژەی ناوبراو دوایین قۆناغەکانی تێدەپەڕێنێ. ئەم کۆڕە کە ویدەچێ ڕۆڵی دیوانی بەرزی وڵات، بگێڕێ(*)، لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی‌دا ئاوا پێناسەکراوە؛ بە پێی ئەسلی ١١٢ی قانوونی ئەساسی "کۆڕی دیاری کردنی بەرژەوەندی‌یەکان هەرکاتێ پەسندکراوی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە لایەن شووڕای نیگابانەوە بە پێچەوانەی شەرع‌و بنەماکانی قانوونی ئەساسی بزانێ‌و مەجلیس بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی‌یەکانی نیزام، گرنگی بە بۆچوونی شووڕای نیگابان نەدات لەو کاروبارانەی کە ڕێبەر پێیان دەسپێرێ‌و ئەو ئەرکانەی کە لەم یاسایەدا ئاماژەیان پێکراوە بە فەرمانی ڕێبەر کۆبوونەوەیان بۆ پێك دێ".

کەواتە بەپێی وەها یاسایەك پەسندکراوەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەبێ لەگەڵ قانوونی ئەساسی‌و شەریعەتی ئیسلام‌دا یەك بگرنەوەو ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوان بوون، لەگەڵ ڤیتۆی شووڕای نیگابان‌دا (کە ئەندامەکانی ئەو شوورایەش بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە لایەن وەلیی فەقیهەوە دەستنیشان دەکرین) ڕووبەڕوو دەبنەوە. لەوەها هەلومەرجێك‌دا کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی نیزام کە بەناو ئەرکی لەنێوبردنی کێشەکانی نێوان مەجلیس‌و شووڕای نیگابان (ئەم ئەرکە لە وڵاتە دیمۆکراتی‌یەکان‌دا لە ئەستۆی دیوانی بەرزی وڵات دایە)ی لە ئەستۆیە، خۆی لە کێشەکان هەڵدەقوتێنێ‌و بە پێی ویست‌و ئامۆژگاری‌یەکانی ڕێبەرو لە زۆربەی کات‌دا بە لایەنگری لە شووڕای نیگابان کۆتایی بە کێشەی هەردوولا دێنێ.

شایانی باسە کە ئەندامانی بگۆڕو نەگۆڕی ئەم کۆڕە لە لایەن وەلیی فەقیهەوە دەستنیشان دەکرین‌و ئامۆژگاری‌یەکانی ڕێبەری ڕێژیم لە پەسندکراوەکانی مەجلیس‌دا ڕەچاو دەکرین. بە پشت بەستن بە ڕادەی دەسەڵاتی شووڕای نیگابان‌و کۆڕی ناوبراو، ئەوان خەریکی بە یاسایی کردنی هەرچی زیاتری دیکتاتۆریی وەلیی فەقیهن.

ئەم کۆڕە سەرەڕای ئەرکی باسکراو لە پاڵ ڕۆڵی ڕاوێژکاریی ڕێبەردا، هەموو ساڵێ سیاسەتە گشتی‌یەکانی نیزام پەسند دەکاو بەدەستی ڕێبەر تەئییدیان دەکاتەوە. ئێستا ئەم کۆڕە بە مەبەستی پاشەکشە پێکردن‌و لەنێوبردنی ڕیفۆرمخوازان زیاتر لە بەرەی خۆی پێڕادەکێشێ‌و بەبێ ڕەچاوکردنی ئەرکەکانی لە قانوونی ئەساسی‌دا، خوازیاری گونجاندنی هەرچی زیاتری پەسند کراوەکانی مەجلیسە لە تەك سیاسەتەکانی خۆی‌داو بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش دەیەوێ " کۆمیسیۆنی چاوەدێری" دامەزرێنێ، تا بەم جۆرە بۆ دڵنیا بوون لە پەسندکراوەکانی مەجلیس سێیهەمین دەزگاو نەهادیش قوت بکاتەوە. بەم پێیە کۆمیسیۆنی چاوەدێری ڕۆڵی سێیهەمین فیلتەری پاراستن دەگێڕێ لە پێناوی سەپاندنی بۆچوونەکانی ویلایەتی فەقیە دا. ڕوون‌و ئاشکرایە کە وەها دامەزراوەیەك ئیختیاراتی ڕێبەر، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی نیزام‌و شووڕای نیگابان‌و بەکورتی قۆڵی پاوانخواز زیدەتر دەکاو کۆنترۆڵیکی زیاتر دەخاتە سەر کردەوەکانی دەوڵەت‌و مەجلیس.

ئێستا قۆڵی کۆنەپارێز بە بە چۆك‌دا هێنانی ئۆرگان، نەهادو کۆمەڵەکانی سەربە قۆڵی بەرامبەر گەیشتۆتە دوایین سەنگەری ڕیفۆرمخوازان واتە مەجلیس‌و بەم هەنگاوە تازەیە دەیانەوێ یا بە تەواوی هەرەسی پێبێنن یان دەیانەوێ کارێك بکەن کە بکەویتە خزمەتی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیانەوە. ئەم گەڵاڵەیە سەلماندی کە کۆڕی ناوبراو بە کردەوە پاشکۆی پارسەنگەکانی دەسەڵاتە نەك هەڵقوڵاوی قانوونی ئەساسیی ڕێژیم‌و بەم شێوەیە دەیەوێ کە بە سەپاندنی بۆچوونەکانی خۆی وەها پارسەنگ گەلێك بخاتە خزمەتی بەرژەوەندی‌و پرۆژە ناتەواوەکانی قۆڵی کۆنەپارێزەوە.

بە پێی قانوونی ئەساسیی ڕێژیم هیچ نەهادێك جگە لە مەجلیس هەقی یاسادانانی نیەو بەم پێیە هێندێ لە توێژەرە سیاسی‌یەکان پەسندکراوی ئەم دوایانەی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام وەك یاسادانان لەقەڵەم دەدەن ـ کارێك کە هەقی بێ‌ئەم‌وئەولای مەجلیسەو ئەم کردەوەیە بە پێشێلکردنی ئاشکرای قانوونی ئەساسیی ڕێژیم دەزانن.

شتێك کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە سەردەمی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانی‌و خامەنەیی یان سەرۆکایەتی ڕەفسەنجانی لە مەجلیس‌دا، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکان، تەنیا نەهادێکی فۆرمالیتە بوو کە لە کردەوەدا پاشکۆی بۆچوونەکانی ئەوان بووو ئێمە لەو سەردەمەدا بە دەگمەن گرژیی نێوان کۆڕو مەجلیسی ڕێژیمان بەدی دەکرد. بەڵام دوای دووی جۆزەردانی ٧٦و گرتنە دەستی سەرۆکایەتیی کۆڕی ناوبراو لە لایەن ڕەفسەنجانی‌یەوە دەسەڵاتی ئەم نەهادە لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا فراوانتر بووەو ڕۆڵیکی زیاتر لە ململانێ‌کانی نێوخۆی ڕێژیم‌دا دەگێڕێ. لە قانوونی ئەساسیی ڕێژیم‌دا ڕێگا چارەیەك بۆ سەرپێچی‌یەکانی ئەم نەهادە پێشبینی نەکراوە، بەڵام تا ئێستا هیچ یەك لە ئۆرگانەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ سەرپێچی‌یەکانی ئەم نەهادە کە لە ژێر چاوەدێریی ڕێبەردایە هیچ چەشنە ڕاوبۆچوونێکیان دەرنەبڕیوە.

**(*) لە کۆماری ئیسلامی‌دا نەهادێکی ڕواڵەتی بە ناوی "دیوانی بەرزی وڵات" هەیە کە سەرۆکایەتی‌یەکەی لە لایەن بەرپرسی دەزگای قەزایی‌یەوە بۆ ماوەی ٥ ساڵ هەڵ دەبژێرێ، کە بە ناوی چاوەدێریی جێبەجێ بوونی دروستی یاسای دادگاکانی لە ئەستۆ دایە!!**

ơơơ

# ئاگاداری‌یەك

## لە کومیتەی سوئیدی حیزبی دیمۆکراتەوە

**کومیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە پێشوازی دە ساڵەی شەهید بوونی سکرتێری گشتیی حیزب دوکتور شەرەفکەندی‌و هاورێیانی‌دا ئاگاداری‌یەکی بڵاوکردۆتەوە. لە سەرەتای ئەو ئاگاداری‌یەدا هاتوە:**

١٧ی سێپتامبری ٢٠٠٢، دە ساڵ بەسەر تیرۆری شۆرشگێری مەزن سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، دوکتور موحەممەد سادقی شەرەفکەندی‌و کاك فەتاحی عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوینەری حیزب لە دەرەوەی وڵات‌و کاك هومایونی ئەردەڵان نوینەری حیزب لە وڵاتی ئەڵمان دا تێدەپەڕێ.

دوکتور شەرەفکەندی لە ماوەی ژیانی حیزبایەتی خۆی‌دا هەردەم بەوپەری دڵسۆزی‌و دڵگەرمی‌یەوە لە خزمەت حیزب‌و نەتەوەکەی دابووو یەکێك لە خەباتگێران‌و کەسایەتی‌یە ماندوویی‌نەناسەکانی ڕێگای پیرۆزی گەیشتن بە ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەلکی کوردستان بووو هەتا کاتی شەهید بوونی هەرگیز ساتێك لە خەبات دژی حاکمانی دڵڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئیران نەوەستا. دەبێ بگوترێ کە شەهید بوونیشی نوختەگۆڕانێك بوو بۆ لەقاودانی ڕووی دزێوی ڕیاکارانی دەسەڵاتدارو تیرۆریست پەروەر لە ئیران دا.

شەهیدکرانی ناجوامێرانەی دوکتور شەرەفکەندی ئەگەرچی کۆست‌و خەسارەتێکی مەزن بوو بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران‌و جووڵانەوەی هەقخوازانەی کوردو سەرانسەری ئیران، لە هەمان کاتیش دا زیاتر لە هەر کاتێك خەباتی حیزبەکەمان‌و خەلکی ستەملێکراوی کورد لە کوردستانی ئیران‌و دڕندەیی حاکمانی تارانی بە جیهان ناساند. هەروەها نیشانی دا کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران چەندە لەنێو خەلکی کوردستان‌و بیروڕای جیهانی دا خۆشەویست‌و جێگای ڕێزە.

**لە درێژەی ڕاگەیاندراوەکەدا هاتوە:**

بەڕێزەوە کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە سوئید ڕادەگەیەنێ کە بۆ ڕێزگرتن و یادی ئەو ڕێبەرە لێوەشاوەیەی حیزبەکەمان‌و هاورێیانی لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢١ی سێپتامبری ٢٠٠٢ لە شاری ستۆکهۆڵم ڕێوڕەسمێکی بەرینی یادکردنەوەو سیاسیی تایبەتی پێك دێنێ‌و هەموو هاونیشتمانی بەڕێزی دانیشتووی وڵاتانی سکاندیناوی بۆ ڕێزگرتن لەم بیرەوەری‌یە بەخێرهاتن دەکا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ـ کومیتەی سوئید**

کات و شوێنی ڕێوڕەسمەکە:

شوین: Electrum & Konferens (Kista)

Isafjordsgatan 22

ڕۆژ: ٢١ی سیپتامبری ٢٠٠٢

کات: سەعات ٢ی دوانیوەڕۆ تا ٦ی ئێوارە

# دیمۆکراسی‌و وەلیی فەقیە

**کاف. پەرویزی**

هەڵسەنگاندنی سیستمی ویلایەتی فەقیە لەگەڵ سیستمی دیمۆکراتیك کارێکی ئاسان نیەو دەتوانین بڵێین نامومکینە چونکە ئەم سیستمانە بە تەواوەتی ناتەباو دژ بە یەکن. دیمۆکراسی لە سەر چەند ئەسڵ دامەزراوە کە ئەو ئەسڵانە لە سیستمی ویلایەتی فەقیە دا بە تەواوی لە ژێر پێنراون. یەکێك لە پایەکانی دیمۆکراسی کە بە هیچ شێوەیەك‌و بیانوویەك ناکرێ وەلابنرێ هەڵبژاردنی ئازادە، یەکێکە لە بنەماکانی دیمۆکراسی کە هەر لە دەوڵەت ـ شارەکانی یۆنانەوە تا سەردەمی جیهانی‌بوون لە نێو بیرمەندان‌دا گرینگیی خۆی پاراستوەو هەرگیز نەکەوتۆتە بەرگومان‌و دوودڵی‌یەوە.

ئایا لە سیستمی ویلایەتی فەقیە دا هەڵبژاردنی ئازاد هەیە؟ ئایا خەڵك بە ویست‌و خواستی خۆیان دەنگ دەدەن؟ ئایا وەلیی فەقیە بە شێوەی جۆراوجۆر پێش بە هەڵبژاردنی ئازاد ناگرێ؟ شووڕای نیگابانی بۆچی پێك هێناوە مەگەر غەیری ئەوەیە کە ئەرکی ئەم نیهادە وا دیاری کراوە کە لە جیاتی خەڵك بیر بکاتەوەو کاندیداکانیان بۆ دیاری بکا. ئایا ئەم خۆ بە عاقڵ‌و خەڵك بە ناتەواو زانینە بێحورمەتی بە بیروڕای گشتیی خەڵك، ئەویش لە سەردەمی بەجیهانی بوون‌داو جیهانیی بیری دیمۆکراتیەت‌دا نیە؟

بە پێی یاساکانی ویلایەتی فەقیە کەسێك کە دەیەوێ کاندیدا بێ دەبێ تایبەتمەندی‌گەلیکی هەبن، جیی باوەری وەلیی فەقیە بێ، دەبێ بڕوای ڕاستەقینەی بە وەلیی فەقیە هەبێ، بڕوایەك کە لە ژیانی‌دا کاردانەوەی هەبێ. ئەگینا مافی ئەوەی نیە کە کاندیداش بێ. ئایا ئەمەیە هەڵبژاردنی ئازاد؟. جیا لەوەی کە زۆر لە نیهادو دامەزراوی‌و دامودەزگای دیکەش لە نێو سیستمی ویلایەتی فەقیەدا هەیە کە تەنانەت هەڵبژاردنی نائازادیشیان بۆ ناکرێ. دامودەزگاگەلێك کە هەر کام بۆخۆیان کاریگەری‌یەکی بەرفراوانیان لە سەر چارەنووس‌و ژیانی خەڵك هەیە وەك ڕادیۆو تەلەویزیۆن، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی نیزام، شووڕای نیگابان‌و دەزگای قەزایی کە بەرپرسان‌و بەڕیوەبەرانیان بە دەستووری ڕاستەوخۆی وەلیی فەقیە دەسنیشان دەکرین‌و ئیرادەی خەڵك هیچ جێگایەکی تێیان‌دا نیە.

ئەساسیکی‌تری دیمۆکراسی کە هەر لەم دەسنیشان کردنانەدا پێشێل دەکرێ، کۆبوونەوەی دەسەڵاتە لە دەست تاکە کەسێك‌دا. بە پێی بیروباوەری دیمۆکراسی تاقە ناوەندیکی دەسەڵاتدار نابێ هەبێ‌و دەسەڵات دەبێ بە سەر چەندین ناوەندا دابەش بکرێ بۆ ئەوەی ڕێگای دیکتاتۆریەت بەربەست بکرێ. بەڵام بە پێچەوانەوە لە سیستمی ویلایەتی فەقیەدا تەواوی دەسەڵات لە دەست وەلیی فەقیە دا کۆدەبێتەوە. ناوەندی یاسا دانان (لە ڕێگای چاوەدێریی دەسنیشانکەرانەی شووڕای نیگابانەوە) ناوەندی ئیجرایی، هێزی نیزامی، دەزگای قەزایی، میدیاکان، دەزگا جۆراوجۆرەکانی چاوەدێرو . . . هیچیان بە بێ ئیزنی وەلیی فەقیە ناتوانن هیچ کارێك بکەن. مەجلیس بیەوێ یاسایەك پەسند بکا، ئەگەر شووڕای نیگابان ڕەدی نەکاتەوە خودی جەنابی وەلیی فەقیە بڕیاری لابردنی دەدا (وەك ئەو یاسایەی مەجلیسی شەشەم لە سەر چاپەمەنی‌یەکان ویستی پەسندی بکاو بە ئەمری وەلیی فەقیە وەلا نرا). سەرۆك کۆماریش بە بێ ئیزنی وەلیی فەقیە کارێکی ئەوتۆی لەدەست نایە. ئیتر تەکلیفی سەرۆکی دەزگای قەزایی‌و نیزامی‌و سوپاو تەلەویزیۆنیش کە بە تەواوی ڕوونە. جا ئەم شێوە دەسەڵاتداره‌تی‌یەو ئیددیعای خەڵك سالاری لە لایەن بەشێك لە ڕێژیمەوە دەتوانێ چ مانایەکی هەبێ ڕوون نیە.

ئەساسی سێیەمی دیمۆکراسی لە سەر پلۆرالیزمی سیاسی ڕاوەستاوە. بە بێ جیاوازی بیروبۆچوون‌و ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، دیمۆکراسی نایەتە کایەوەو ئازادیی بیروڕاش بەبێ کاردانەوە تەنیا گەمە کردنە بە خەڵك. لە جیاوازیی بیروبۆچوونەکان‌و جۆراوجۆری ڕ اکاندایە کە بە پێی یاسای دیالیکتیك بیری تازە دەخولقێ‌و جیهانی نوێ دروست دەبێ. گەر بتەوێ تەواوی ئینسانەکان وەك یەك بیرکەنەوەو بیرێکی یەکدەست لە دنیادا هەبێ، کۆمەڵگای ئینسانی تووشی جەمام بوون دەبێ‌و هیچ داهێنانێك ناکرێ. لە هەبوونی بیروڕای جیاواز دایە کە لاوازی‌و بە هێزی بیرەکان دەردەکەوێ. ئەگەر هەموو یەك جۆر بیربکەنەوە ئیتر دیمۆکراسی‌و هەڵبژاردنی ئازادو تەنانەت ئازادی، بۆچی‌یە؟

کۆمەڵگای ئیدەئالی وەلیی فەقیە کۆمەڵگایەکە تاك ڕەهەندی‌و "ڕەش‌و سپی"، کۆمەڵگایەکە کە لەوێدا تەنیا یەك بیر هەیە، بیری وەلیی فەقیەو تەنیا یەك دەنگ هەیە، دەنگی وەلیی فەقیە. کەسێك کە بۆچوونی جیا لە وەلیی فەقیەی هەبێ بە دژی ئیسلام‌و ئاژاوەگێر دادەنرێ‌و بێگومان لەگەڵ سزای توند بەرەوروو دەبێ‌و مافی دەنگدانی نیە، مافی دەنگ کۆکردنەوەی نیە، مافی ڕادەربڕینی نیە، ڕۆژنامەکەی دەبێ ببەسترێ، حیزبەکەی دەبێ "منحلە" بێ، دارایی‌یەکەی دەبێ زەوت بکرێ، سەرو ماڵ‌و تەنانەت دارایی‌و ناموسیشی بۆ پەیرەوانی وەلیی فەقیە حەڵاڵ دەکرێ.

بە گشتی‌و بە کورتی ئەوەی لە دیمۆکراسی‌دا وەك ماف بۆ ئینسانەکان‌و ئازادی‌و ڕێزدانان بۆ ئینسانەکان لەبەرچاوگیراوە، لە نیزامی ویلایەتی فەقیە دا بە دیاردەی ناتەبا لەگەڵ دەسەڵاتی تاکە کەسی وەلیی فەقیە دادەنرێ‌و دەبێ دووریان لێبکرێ. وەلیی فەقیە لە جیاتی هەموو کەس بیردەکاتەوە بە سەر هەموو کۆمەڵ‌دا حوکم دەکاو لە هەمان کاتیش‌دا لە بەرانبەر هیچ کەس‌دا وەڵامدەر نیە. دەسەڵاتێك کە لەگەڵ ئەسڵی دیمۆکراسی‌و ئازادی‌و دنیای سەردەم‌دا بە تەواوی لە ناتەبایی‌دایەو جێگایەك بۆ دیمۆکراسی‌یەکی تەنانەت دەڵەمەو نیوەچڵیش ناهێڵێتەوە.

# وتوویژی نهینی لەگەڵ ئەمریکا

م. مەعرووفی

ماوەیەکە بەتایبەتی لە سەرەتاکانی بەهاری ئەم ساڵەوە دەنگۆی وتوویژی نهینی لەنیوان ئەمریکاو ریژیمی کۆماری ئیسلامیدا زۆر لە هەواڵو رووداوەکانی پیوەندیدار بە وڵاتەکەمانی خستۆتە ژیر کاریگەریی خۆیەوە. ریبەرانی ریژیم تا ئیستا لەم بارەیەوە هەلویستی جۆراوجۆرو دژ بە یەکیان لە خۆیان نیشان داوە. جاریك بە جنیودانو سووکایەتی کردن بە بەرپرسانی دەولەتی ئەمریکاو ئەوانەش کە لەنیو خۆدا لایەنگری لە وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا دەکەن، حاشایان لە هەرچەشنە وتوویژیك لەگەڵ حکوومەتی ئەو وڵاتە کردوەو تەنانەت رایانگەیاندوە کە هەر کەسیكو هەر رۆژنامەو بڵاوکراوەیەك بە لایەنگری لە وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا بدوێ، موحاکەمە دەکرێ. جاریك باس لەوە دەکەن کە ئەگەر ئەمریکا "حسن نیت"ی هەبێو دەست لە دوژمنایەتی هەڵ بگرێ، هیچ چەشنە کیشەیەکیان لەگەڵ ئەو دەولەتە نیەو ئامادەن هاوکاریی بکەن. بەتایبەتی رەفسەنجانی لە ماوەی بیستو چەند سالی رابردوودا کە پیاوی ئەم جۆرە کەینو بەینە نهینییانە لەگەڵ ئەمریکایە، لەم دوایییانەدا سێ جار هەلویستی گۆری. ناوبراو لە دوایین هەلویستی خۆیدا لە تریبوونی نویژی جومعەی تارانەوە رایگەیاند: "ئەگەر ئەمریکا "حسن نیت" ی هەبێو ئەسلی بەرابەری لەگەڵ وڵاتانی دیکە وەبەرچاو بگرێ، ئیران ئامادەیە هەر چەشنە هاوکارییەکی لەگەڵ بکا." ناوبراو هەروەها رایگەیاند کە لە مەسەلەی ئەفغانستاندا ئەمریکاییەکان سەبارەت بە هەلویستی ئیران مەمنوون بوونو ئەو مەسەلەیەی بە نموونەیەك لە هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا باس کرد.

دوور نیە مەمنوون بوونی ئەمریکا سەبارەت بە هەلویستی ئیرانو هاوکاریی ئیران لە شەری ئەفغانستاندا لە وتوویژی نهینی لەنیوان ئەو دوو دەولەتەدا هاتبیتە گۆرێ، ئەگینا هەموومان باش دەزانین کە هەلویستی ئاشکرای ئەمریکا لەبارەی ئیرانەوە ئەوە بوو کە کاربەدەستانی ئیران ئەفرادی ئەلقاعیدە دالدە دەدەنو لە ئەفغانستاندا گیرەشیوینی دەکەنو هەولەکانی ئەمریکا بۆ نەهیشتنی ئاسەواری ئەلقاعیدەو تالیبانو سەقامگیریی وەزعی ئەفغانستان پووچەل دەکەنەوە. تەنانەت کاربەدەستانی ئەمریکا هەرەشەیان لە ئیران کرد کە دەبێ دەست لەو سیاسەتانە هەڵبگرێ. کەوابوو ئەم هاوکارییەی نیوان ئەمریکاو ئیران کە باسی لی دەکرێو ئەوەش کە ئەمریکا لەو هاوکارییە مەمنون بووە، نیشانەیەکە لەو وتوویژە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆیە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە توندی حاشای لی دەکەن.

ئەمریکاش لەو پیوەندییەدا هەلویستیکی روونو نەگۆری لە بەرامبەر ئیراندا نەبووە. کاربەدەستانی دەولەتی ئەمریکا لەلایەکەوە ریژیمی ئیران لەگەڵ دوو وڵاتی عیراقو کورەی باکوور بە "سیکوچکەی شەر" ناو دەبەن. لەلایەکی دیکەشەو خوازیاری وتوویژو هاوکاری لەگەڵ ئەو ریژیمەن. تەنانەت لە پیوەندی لەگەڵ مەسەلەی تیرۆریزمدا، ئەمریکا هەلویستیکی ناروونی لەمەر ئیران هەیە؛ لە حالیكدا ریژیمی کۆماری ئیسلامی وەك کانگەو سەرچاوەی رادیکالیزمی ئیسلامی پشتیوانیی ئەسلیی تاقمە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانەو یەکەم ریژیمە کە دادگایەکی موعتەبەری ئورووپایی بە رەسمی ئەو ریژیمەی بەتاوانی تیرۆری ریبەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە ریستورانی میکۆنووسدا لە بیرلینی پیتەختی ئەلمان لە سالی ١٩٩٢دا مەحکووم کردو ریبەرانی پایەبەرزی بە بریاردەری ئەو تیرۆرە بەخەلکی جیهان ناساند. ئەو ریژیمە ژمارەیەکی زۆر لە موخالیفانی خۆی لە ئەمریکا، ئورووپاو چەند وڵاتی ئاسیاییدا تا ئیستا تیرۆر کردوون. تەنانەت ژمارەیەك لە نووسەرانی موخالیفی خۆی لە ولاتی ژیر دەسەڵاتی خۆیدا تیرۆر کردوون. ئەمریکا لە شەر لەگەل تیرۆریزمدا بە هیچ جۆر خۆی لەو باسە نەدا بەڵام بە شیوەیەکی ناروون ئیران بە دالدەدانی ئەفرادی ئەلقاعیدە دادەنێ.

نیشانەکان وا دەردەخەن ئەو تووێژە نهینییەی کۆماری ئیسلامی بەتوندی حاشای لی دەکا لە گۆری دایەو قسەکانی ئەم دواییانەی رەفسەنجانیش نیشان دەدەن کە دریژەی دەبێ. چونکە: یەکەم؛ تەرەفی ئەمریکا بە رەسمی ئامادەیی خۆی بۆ ئەم وتوویژە راگەیاندوە، دووهەم؛ هەلویستی دژ بە یەکی کاربەدەستانی ریژیم بە تایبەتی رەفسەنجانی لەو پیوەندییەدا دەری دەخا کە ئەو هەلویستانە بە تەئسیر لە کەشو هەوای وتوویژەکان دەردەبرین، سیهەم؛ پیداگرتنی موحسینی میردامادی ئەندامی کۆمیسیۆنی ئەمنییەتی میللیو سیاسەتی خاریجیی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لەسەر ئەوە کە بەلگەی حاشاهەلنەگری لەبەردەست دایە کە ئەو تووێژە لە گۆرێ دایەو چوارەم؛ وەزارەتی ئیتلاعات کە مەئموور کرابوو لیکۆلینەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکا، لە زووترین کاتو بێ ئەوەی لیکۆلینەوەیەکی جیددی بکاو تەنانەت ئامادە نەبوو ئەو بەلگانەی موحسینی میردامادی باسیان دەکا وەرگرێ، رایگەیاند کە وتوویژی نهینی لە گۆرێ دانیە. هەمووی ئەوانە بەسن بۆ ئەوەی بسەلمینن کە ئەو وتوویژە لە گۆری دایە.

پرسیاریك کە لیرەدا دیتە گۆرێ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ لەگەڵ ئەمریکا وتوویژ دەکا؟ دیارە لە پیشدا دەبێ بلیین کە وتوویژ لەوەش زیاتر پیوەندیو هاوکاری لەگەڵ دەولەتانو وڵاتانی دەرەوە شتیکی پیویستە، بەتایبەتی لە دنیای ئەمرۆدا. ئەوە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بوون کە بناخەی ئەو دوژمنایەتییەیان بە گرتنی سەفارەتی ئەمریکا لە سالی ١٣٥٨دا دارشتو پاشان لەلایەن خومەینیو باقیی کاربەدەستانی دیکەوە تیئۆریزە کرا.

بۆ لاپەر ی١٠

# ژنان لە نیو بازنەی رەشو ژیان شیوینی ماددە بیهۆشکەرەکاندا

خەدیجە مەعزوور

بە دەگمەن هەڵدەکەوێ راگەیەنە گشتییەکانی وەك رادیۆ، تەلەویزیۆن، ئینتیرنیتو چاپەمەنییە دەولەتیو غەیرە دەولەتییەکانو تەنانەت پسپۆرە کۆمەلناسەکان بە روالەت یان بە جیددی نیگەرانیی خۆیان لەبەرامبەر کچانو کورانی گیرۆدە بوو بە مەواددی موخەددیر دەرنەبرنو لەسەری نەنووسن یان لەبارەیەوەدا قسە نەکەن. ئەم راگەیەنە گشتییانەش بە تەواوی ئاگاداری ئاماری دروستی گیرۆدە بووان بە مەواددی موخەددیر وەك دیاردە ژیان شیوینەکانی دیکەی نیو کۆمەڵ بە تەواوی بە دەستەوە نادەن یان نایانەوێ ئاشکرای بکەن. بەڵام باس لە ٦ میلیۆن موعتاد لە وڵاتیکی ٦٠ میلیۆن کەسیی وەك ئیران دا دەکرێ، ئەوە نیشان دەدا کە لە هەر ١٠ میلیۆن کەس ١ میلیۆن کەس موعتادە.

ئەگەر حەشیمەتیکی ٦ میلیۆن کەسی لە ژنانو پیاوانی ئیران موعتادو گرفتارنو لەباری ئابوورییەوە سەربارنو نماو جوانیی شارەکانو شوینەکانی ژیانیان شیواندوەو دیمەنە سروشتییە دلرفینەکانی باغو کوچەباغەکان، پارکەکان، بن پردو دەرەوەی شارەکان بە بوونی ژنو پیاوی رەنگ زەردو لیو بە بارو ژاکاو، کە هەلگری زۆر نەخۆشیی مەترسیداری وەك سیلو ئەیدزو نەخۆشی دیکەن، سیگار بە لالیو، پالکەوتوو و چەماوە خەریکی کیشان یا تەزریقی مەواددن، یا ئەو ژنە بێ ئەنوایانەی کە بۆ وەچنگ هینانی مەوادد خەریکی سوالکەریو یا دزی و خۆفرۆشین، بە تەواوی تیك داوەو لە فۆرمی خستوە.

هیندێ جار دەستو پیوەندەکانی ریژیم لە شارەکان بە تایبەت لە ناوچەکانی کوردستان دا بۆ بەفریوبردنو خەلەتاندنی بیروڕای گشتیی خەلك، دەست دەکەن بە کۆکردنەوەی ژنو پیاوە موعتادەکان، بەو بیانوویە کە بۆ ناوەندەکانی بازپەروەرییان رەوانە دەکەنو چارەسەری وەزعیان دەکەن. بەڵام پاش ماوەیەك بە روالەت دەرمان کردنو پیراگەیشتن، دووبارە لە نیو کۆمەڵ دا بەرەڵایان دەکەن.

بڵاوبوونەوەی مەواددی موخەددیرو گیرۆدەکردنی کچانو کورانی کوردستان لەلایەن دەستو پیوەندەکانی ریژیمەوە شتیکی نائاسایی و سەیر نیە، چونکە کەلك وەرگرتن لەو ریگایە بۆ بەچۆك داهینانی گەلی کورد یەکیك لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە. ریژیم لەو بوارەدا بە هۆی رایەلکە تایبەتییەکانی بڵاوکردنەوەی مەواددی موخەددیر لەو ئامرازە ناپیرۆزو دژی ئینسانیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە چەپلەکانی کەلك وەردەگرێ. لە لایەك مەبەستی لەو کارە ئەوەیە لاوانی کورد بە چەشنیك لە مەوادد بگلینێ کە بیر لە خۆیانو داهاتووی گەلەکەیان نەکەنەوەو لە لایەکی دیکەوە گەلی کورد، گەلیکی زیندوو و چالاك نەبێو وەك نەخۆشیك داماو و دەستەوەستانی بکا. هەرچەند بە هەزاران کچو کوری کورد گیرۆدەی ماددە بیهۆشکەرەکان بوون، بەڵام پریشکی ئاگری ئەم کردەوەیەی ریژیم، زیاتر ناوچەکانی دیکەی ئیرانی گرتۆتەوەو ئەو ئاکامە دلتەزینەی بە دواوە بوو کە ئیستا دەیبینین.

کەوایە لیرەدا کێ بەرپرسیارە لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەو گیرۆدەبوونی کورانو کچانی لاو بە ماددە بیهۆشکەرەکان؟ بێگومان کۆماری ئیسلامییە کە بە عەمدو بە زانینەوە پیشی مافیاکانی قاچاغی مەواددی موخەددیری ئاوەڵا کردوە تا رایەلکەکانیان بکیشنە نیو ناوەندە ئامۆزشییەکانی وەك قوتابخانەو زانستگەکانو نیو کۆمەلانی خەلك، دیارە بێبەندو باری و دەمارگرژیی و سوننەتی بوونی دایكو باب، سەرکوت کرانی ویستو ئارەزووەکانی کچان لە تەمەنی میرمنالیدا، بەرتەسك بوونی چوارچیوەی ژیان، بوونی هاوریی خراپ، نزم بوونی باری ئابووری و موعتاد بوونی دایكو بابو هیندیك هۆکاری دیکەش یارمەتی دەدەن بە سەرگرتنو سەرکەوتنی پیلانی ریژیمو لە ئاکام دا کچانی میرمنالو بێ ئەزموون بەرەو داوی تەندراوی ریژیمو گیرۆدەبوون بە مەواددی موخەددیر هان دەدەن.

هۆکاری گیرۆدە بوونی ژنان بە مەواددی موخەددیر لەگەڵ پیاوان دا جیاوازی هەیەو ریگاو شیوەی دەرمان کردنیشیان لەگەڵ پیاو دەبێ جیاوازیی هەبێ. لیرەدایە کە بنەمالەکان دەبێ بە شیوەی پیویست لەگەڵ داخوازو باری دەروونی مندالٚ ئاشنا بنو شیوەی تەربییەتو بارهینانی دروستو ئوسوولی کچان لەگەڵ دنیای ئەمرۆ بگونجینن و ویستو ئارەزووەکانیان پشت گوێ نەخرێو ئەگەر ئیمتیازیك هەبێ بۆی وەبەرچاو بگیرێ، گرینگتر لەوەش ئەگەر چوارچیوەی مالی لێبەرتەسك بکرێو بە شیوەی سوننەتی هەلسوکەوتی لەگەڵ دا بکرێ، چۆن دەتوانێ خۆی لەگەڵ کەشوهەوای مالەوە ریك بخاو وەزعەکە تەحەممول بکا. وەبەرچاو نەگرتنی ئەم خالانە مەیلو ئارەزووی بۆ لای دنیای دەرەوەی مالٚ رادەکیشێ. بەشیوەیەك ئەگەر بۆی بلوێ لەگەڵ کەسانی دەرەوەی چوارچیوەی مالٚ پیوەندی دەگرێو جا ئەگەر ئەو پیوەندییە لەگەڵ کەسانی ناسالم بێ، هەر لیرەوە رۆژرەشییەکەی دەست پێدەکا. سەرەتا بە سیگارکیشانو پاشان مەشرووباتی ئەلکولیو بە دوای ئەودا تاقیکردنەوەی ماددە بیهۆشکەرە جۆراوجۆرەکانو لە نیهایەت دا خۆ لە نیو بازنەیەکی رەش بە ناوی ئیعتیاد دا دەدۆزیتەوە.

گیرۆدە بوونی ژنان بە مەواددی موخەددیر پیویستی بە لیکۆلینەوەیەکی قوولو هەمەلایەنە هەیە. مەسەلەی رەوانناسی لە نیو ژنانو کچانی موعتاد دا زۆر گرینگە. چونکە رادەی خەمۆکیو نیگەرانیو هەست بە گوناە کردن لە ژنان دا زیاترە لە پیاوان. هەروەها گیرۆدەبوونی ژن بە مەواددی موخەددیرو تەنانەت سیگاریش لە نیو خەلك دا شتیکی ئاسایی نیەو هەر خیرا بنەمالەو کۆمەڵ لە بەرامبەر ئەم جۆرە ژنانە دا هەلویست دەگرن. روانگەو بۆچوونی خەلك لە کۆمەلیکی پیاوسالارو سوننەتی دا هەم بە نیسبەت ژنو هەم بە نیسبەت پیاو جیاوازیی هەیەو هەر زوو ژنانو کچان لە لە فەرهەنگی وەها کۆمەلگەیەك دا جیگای شیاوی خۆیان لەدەست دەدەن. بنەمالەو لەو کاتە حەساسەدا بیر لە تاوانباری سەرەکی ناکاتەوە یا ریگا چارەی بۆ نادۆزیتەوەو تەنیا ریگایەك کە رەچاوی دەکا ئەوەیە کە کچی گیرۆدە بوو بە مەوادد لە مالٚ دەرکاو یا دووری خاتەوە تا ئابروو و کەسایەتییەکەی لە کۆمەڵ دا پەلەدار نەبێ. کە ئەوەش تووشی زۆر کاری ناپەسەندی دیکەی وەك لەشفرۆشی، دزی، جینایەتو کردەوەی مەترسیدارتری دەکاو سەرەنجام لە زەلکاودا دەیخنکینێ.

ریگا چارەی ئەم وەزعە دوورخستنەوەو دەرکردنی موعتاد لە مالەوە نیە. باشترین ریگا ئەوەیە هەر لە مندالییەوە لەباری رووحیو جیسمییەوە پاریزگاریی لێبکرێ تا دەگاتە تەمەنی بالغ بوون. لەو پیوەندییەدا، کۆمەلناسو ئاسیب ناسەکان دەلین: "باشترین ریگا بۆ ئەوەی مندالٚ تووشی هیندیك کاری ناپەسەندی وەك مەواددی موخەددیر نەبێ "پیش گرتنە". ئەو پیش گرتنەش دەبێ لە تەمەنی ٦ یا ٧ سالٚ پیش دەست پیکردنی تەمەنی پەیدابوونی مەیل بە مەواددی موخەددیر ئەنجام بدرێ. بۆ نموونە ئەگەر تەمەنی دەست پێکردن بە ئیعتیاد ١٧ سالٚ دا بیت، دەبێ بارهینان بۆ پیش گرتن لە تەمەنی ١٠ سالەوە دەست پێبکا". ئایا لەو پیوەندییەدا لە لایەن ریژیمەوە بەرنامەیەکی ئەوتۆ یا روونکردنەوەیەك یا دەرسیك بۆ کچانو کورانی مندالٚ وەبەرچاو گیراوە؟ ئایا ریژیم بۆ پیشگرتن لە رایەلکە بڵاوکەرەوەکانی مەواددی موخەددیر کە بە هاسانی ماددە بیهۆشکەرەکان لە ناوەندەکانی فیرکردنو بارهینان وەك دەبیرستانو زانستگەکانو. . . بڵاو دەکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەیەکی جیگرتوو و دریژخایەنی هەیە؟

خەلك هەرگیز نابێ بە تەمای ئەوە بن کە ئەم ریژیمە بەو ماهییەتەوە لەو بوارەدا هەوڵ بدا، بەلکوو خەلك دەبێ بەگشتی وریا بن کە مەوادد زیاتر لەوە پەرەی پێنەدرێ. بەڵام کاتیك دەتوانین تا رادەیەك بەسەر ئەم دیاردەیەدا زاڵ بین کە:

١ـ زۆر بە جیددی پیشی رایەلکەکانی بڵاوکەرەوەی مەواددی موخەددیر بگرین.

٢ـ بە شیوەی پیویست لەسەر هۆکارەکانی گیرۆدەبوونی ژنانو لاوان بە مەواددی موخەددیر موتالیعەو لیکۆلینەوە بکرێ.

٣ـ کۆنترۆلی سالمو هەمەلایەنە بەسەر کۆمەڵو بنەمالەکان دا هەبێ.

٤ـ پیش ئەوەی لەگەڵ موعتاد هەلسوکەوت بکرێ، دەبێ کۆمەلناسە بەرپرسەکان لیکۆلینەوەیەکی وردو ریشەیی بکەن لەسەر ئەوە کە چ شتیك دەبیتە هۆی پەنا بردنە بەر ئیعتیاد.

سەرچاوە:
١ـ رۆژنامەی "همشهری" ژمارەکانی ٢٧٢٤ و ٢٧٢٦

## وتوویژی نهینی . . . .

وتوویژ لەگەڵ ئەمریکادا لە کاتی ئیستادا بەشی هەر زۆری هۆی نیوخۆیی هەیە؛ هەرکام لە دوو قۆڵەکەی نیو دەسەڵات لە پیشبڕکێ دان کە رەوتی وتوویژەکان بەدەستەوە بگرێ. چونکە ئەوان بە باشی بۆیان دەرکەوتوە کە خەلکی ئیران لایەنگری لە دوژمنایەتی لەگەل ئەمریکا ناکەن. رەنگە ئەمەش هۆیەکەی ئەوە بێ کە خەلك زیاتر لە رقی کۆماری ئیسلامی تامەزرۆی ئەو پیوەندیەن. کەوابوو بە دەستەوە گرتنی جلەوی وتوویژەکان کارتیکی باشە بە دەست هەرکام لە قۆڵەکانەوە بێ. بۆیە قۆلی موحافیزەکار کە دەسەڵاتی ئەسلیی بە دەستەو بە پیچەوانەی قانوونی ئەساسیی خۆیانو هەموو قانوونو عورفیکی نیونەتەوەییش پرس بە دەولەتو وەزارەتی دەرەوە کە لە دەستی ریفورمخوازەکان دایە ناکاو بە ئاشکرا لایەنگری لە وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا دەکەن. ئەو قۆلە نوینەرانی خۆی کە هیچ بەرپرسایەتی‌یەکیان لە بەرامبەر دەولەتو وەزارەتی دەرەوە دانیە، بۆ ئەو وتوویژە دیاری دەکا.

بەڵام کاربەدستانی ریژیم بۆ حاشا لەو مەسەلەیە دەکەن؟ لانی‌کەم لەبەر سێ هۆ. یەکەم؛ بێ ئەوەی دەولەت کە بە پیی قانوون بەرپرسی ئەم جۆرە کارانەیە، پێ بزانێو لەو وتوویژەدا شەریك بێ. ئەوان دەیانەوێ مەسەلەکانیان لەگەڵ ئەمریکا یەك لایەنە بکەنەوەو جاریکی دیکەش بە خەلکی نیوخۆو دنیای دەرەوە بسەلمینن کە ریفورمخوازەکان تەنیا دەتوانن دروشم بدەن.ئەوە ئەوانن کە بریار دەدەن.کەوابوو دنیاو خەلکی وڵاتیش لەگەڵ ئەوان تەرەفن نەك لەگەل ریفورمخوازەکان. دووهەم؛ شکاندنی "تابوو"ی وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا لە ماوەیەکی کورتدا زۆر دژوارە. چونکە دامەزرینەری ئەم ریژیمە واتە خومەینی، ئەمریکای بە "شەیتانی گەورە" لە قەلەم دابوو. گرتنی سەفارەتی ئەمریکای بە شۆرشی دووهەم ناوبردبوو لە ماوەی ٢٣ دەسەڵاتدا ئەوەندەیان بە دژی ئەمریکا فەلسەفە دارشتوە کە سرینەوەی هەمووی ئەمانە کاتیکی زۆری دەوێ. هەربۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە وتوویژەکە دەکەن، بە توندیش حاشای لی دەکەن. کەوابوو وردە وردە بە هەلویستی جۆراوجۆر بە هەلبەزدابەزی زۆر رۆژیك دەتوانن ـ وەك ئەوەی لە شەری ئیرانو عیراقدا کردیان ـ جامە ژەهریکی دیکەش لە پیناوی پاراستنی نیزامدا بخۆنەوە. سیهەم؛ سەرەنجام هەرەشەکانی ئەمریکا لەو ریژیمە بێ تەئسیر نەبووە.

هەروەك گوتمان وتوویژو پیوەندیو هاوکاری لەگەڵ وڵاتان پیویستی‌یەکی حاشا هەلنەگرەو دوژمنایەتی لەگەڵ وڵاتانی دیکە بەتایبەتی ئەمریکا زەرەرو زیانیکی زۆری ئابووریو سیاسیی لە ئیران داوە. بەڵام مەبەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەو وتوویژە نەك لەپیناوی قەرەبوو کردنەوەی ناخۆشیو زەرەرو زیانی ئابووریو سیاسیی وڵات دایە، بەلکوو مەبەستیان پاراستنی ریژیمەکەیان لەترسی ئاکامی ئەو دوژمنایەتی‌یەیەو دەیانەوێ بە کەلك وەرگرتن لەو مەسەلەیە ماوەیەکی زیاتر لە دەسەڵاتدا بمیننەوەو بتوانن جێ بە رەکەبەرەکانیان لیژ بکەن.

دو فاکتۆری هەرە گرنگ لە مانەوەی هەر حکوومەتیکدا نەخشی سەرەکییان هەیە؛ یەکەم: پیگەو خۆشەویستیی حکوومەت لەنیو کۆمەڵانی خەلكو پشتیوانیی ئەوان لەو حکوومەتە کە گەورەترین سەرمایەی هەر حکوومەتیکە، دووهەم: دۆستایەتیو هاوکاریی نزیك لەگەڵ ولاتانی دەرەوە بەتایبەتی لە سەردەمی ئیستادا. ریژیمی کۆماری ئیسلامی تا هاتوە ئەو دوو فاکتۆرەی زیاتر لەدەست داوە، بەتایبەتی فاکتۆری نیوخۆیی. نەفرەتو بیزاریی کۆمەڵانی خەلك لەو ریژیمە ئەوەندە روونو بەرچاوە پیویستیی بە هینانەوەو ئیشارە بە رووداوەکان نیە.

ئەوکات کە رەخنەو بیزاریی خەلك لەو ریژیمە بە رادەی ئیستا پەرەی نەگرتبوو، کاربەدەستانی ریژیم ناچار نەبوون سەرەرای دوژمنایەتیی قوولو بنەرەتییان لەگەڵ ئەمریکادا بلین: "ئەگەر ئەمریکا "حسن نیت"ی هەبێ، ئیران ئامادەیە هەرچەشنە هاوکاری‌یەکی بکا". "هەر چەشنە هاوکاری‌یەك" لەگەڵ وڵاتیك کە دامەزرینەری ریژیم واتە خومەینی بە "شەیتانی گەورە"ناوی دەبردو داگیرکردنی سەفارەتی ئەو وڵاتەی لە تاراندا بە "شۆرشی دووهەم" لە قەلەم داوە. کۆماری ئیسلامی لە دوژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکادا ئەوەندە قووڵ تیراچووە کە حیسابی دەولەتو خەلکی ئەمریکای لیك جیا نەکردۆتەوەو بە ئاشکرا سووکایەتیی بە "فەرهەنگی رۆژئاوا" کە ئەمریکا سەرقافلەیەتی، کردوە. ئیستا کە ترسی لی نیشتوە "ئامادەی هەر چەشنە هاوکاری‌یەك"ە. بەڵام میژوو نیشانی داوە بەتایبەتی ریژیمی پیشووی وڵاتی خۆمان سەلماندوویەتی کە ئەگەر ریژیمیك پیگەی لەنیو کۆمەڵانی خەلکی وڵاتەکەی دانەبوو هەرچەندیش بەهیز بێو لەگەڵ دەولەتانی دیکەش هاوکاریی نزیکی هەبێ سەرەنجامەکەی لەنیو چوونە. ریژیمی پاشایەتیی ئیران لەکاتیکدا رووخا لەگەڵ وڵاتانی دیکە دۆستایەتیو هاوکاری‌یەکی باشی بەتایبەتی لەگەڵ ئەمریکادا هەبوو.

# نەخۆشی ئەیدز پرمەترسیترین نەخۆشیی رۆژگاری ئەمرۆ

ع. بالەکی

ئەیدز نەخۆشی‌یەکی پرمەترسی‌یە کە کۆمەلگەی مرۆڤایەتی دوو دەیەیە بە دەستیەوە دەنالینێ. ئەو نەخۆشی‌یە کاریگەری‌یەکی زۆرو راستەوخۆی هەیە لە سەر لایەنەکانی رۆحیو جیسمی‌یەکانی مرۆڤو ئابووریو فەرهەنگی کۆمەڵو بەداخەوە ئەیدز رۆژ بە رۆژیش زیاتر پەرە دەگرێ. ئاوریکی سەرپییی لە ئامارەکان ترسینەریو مالکاولکەری‌یەکانی ئەم نەخۆشی‌یە پتر دەردەخا.

تا سالی ٢٠٠١ی زایینی چل میلیۆن کەس تووشی ئەم نەخۆشی‌یە بوون کە لەو ژمارەیە ٢٥میلیۆن کەسیان مردوون. کارناسانو پسپۆرانی ئەم بوارە پیش‌بینی دەکەن تا سالی ٢٠٠٥ ئەگەر بە هەموو لایەك پیشگیری لەم نەخۆشی‌یە نەکەن، رادەی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشیی ئەیدز دەبن دەگاتە ١٠٠ میلیۆن کەس.

ڤیرووسی ئەیدز لە سەرەتای چوونە نیو لەشەوە هەتا سەرهەلدانی نەخۆشی، ماوەیەکی زۆر دەکیشێو زۆرجاران دەساڵ دەخایەنێ تا یەکەم نیشانەکانی نەخۆشی خۆدەنوینێ.

مرۆڤ هەموو کاتیك لە تەلەفاتی شەرەکان ترساوەو ئەگەر لە شەریکدا تەلەفاتی ئینسانی زۆر بووە داخو کەسەری خۆی دەربریوە، بەڵام ئیستا دەبینین تەلەفاتی ئەیدز لە تەلەفاتی قورسترین شەرەکان زیاترە. زۆربەی نەخۆشی‌یە ناسراوەکان منداڵانو بەساڵدا چووان دەخەنە ژیر کاریگەریی خۆیان بەڵام ئەیدز وەك شەر لاوەکان لە نیو دەبا بەم جیاوازی‌یە کە لە شەردا تەنیا کورەکان بەشدار دەبنو دەکوژرین بەڵام ئەیدز کچانیش دەکاتە قوربانی.

ئیرانو کوردستانیش دوور لە پریشکی ئەو نەخۆشی‌یە ترسینەرو مالویرانکەرە نەبوونو نین. سالی ١٣٦٦ یەکەم نیشانەی نەخۆشیی ئەیدز لە ئیراندا بینرا، مندالیکی شەش سالە کە نەخۆشیی هیمۆفیلیی هەبوو، تووشی ببوو. بەڵام لە ماوەی کورتی نیوان سالانی ١٣٦٦ تا ١٣٨١دا بە شیوەیەکی سەرسورهینەر ژمارەی ئەو کەسانەی تووشی ئەو نەخۆشی‌یە ببوون زیادی کرد. ئەوانەی لە ماوەی ئەو ١٥ سالەدا تووشی نەخۆشی ئەیدز بوونو شناسایی کراون، ٣٦٨١ کەسن. بە پیی ئامارە رەسمی‌یەکانی ریژیم ئەوانەی هەلگری ویرووسی (H.I.V)ن خۆ لە ٢٠٠٠٠ کەس دەدەن.

ئەو وڵاتانەی گرفتی ئەو نەخۆشی‌یەیان هەیە زۆر بە توندی خەریکی بەربەرەکانین، ئەگەرچی تا ئیستا دەرمانی ئەیدز نەدۆزراوەتەوە بەڵام خەریکن لە هۆکارەکانی تووشبوون بەو نەخۆشی‌یە دەکۆڵنەوەو ریگای بنبڕکردنی ئەو هۆکارانەیان گرتۆتەبەر وەك: بەربەرکانی لەگەڵ مادده بیهۆشکەرەکان، شیوەی دروستی پیوەندیی جینسی، پاكو خاوین راگرتنی شوینە گشتی‌یەکان بەتایبەت شوینی سەرچاك کردنو رازاندنەوەو جوان کردن، دروست کردنی ریکخراوی جۆراوجۆرو تەرخان کردنی نەخۆشخانەی تایبەتو دەیان بەرنامەی ئاگادار کردنەوەی خەلك لە ریگای راگەیەنەگشتی‌یەکانەوە. بەڵام لە ئیراندا نەك کاریکی ئەوتۆ بۆ پیشگیری نەکراوە بەلکوو هەلی لەبار بۆ پەرەگرتنی ئەو نەخۆشی‌یە رخساوە.

ئەگەر سووکە ئاوریك لە وەزعییەتی نیوخۆیی ئیران بدەینەوە، بەتایبەت لە بواری ئابووری‌دا بەباشی بۆمان دەردەکەوێ کە چۆنو لە چ بواریکدا ئەو هەلە لەبارە بۆ پەرەگرتنی نەخۆشیی ئەیدز رخساندوە.

کۆمەلگای ئیران ماوەی دوو دەیەیە لەگەڵ بیکاریو تەنگدەستیو نەداری بەرەوروویە. لە ماوەی ئەم دوو دەیەیەدا حەشیمەتی ئیران نزیك بە دوو بەرامبەر زیادی کردوەو لەگەڵ چوونەسەری حەشیمەت نیازو پیویستیی کۆمەڵ زیاتر بووە. بۆ وینە ئیستا لە ئیراندا ژن هینان یا میرد کردن لەگەڵ زۆر گیروگرفت بەرەوروویە، نە کوران توانای ماددیی ئەوەیان هەیە کە ژنی پێبیننو ژیانی پێ دابین بکەنو نە کچان باوەریان بە دوارۆژو ژیانی هاوبەش هەیە. بۆیە بە مارەیی زۆرەوە رازی دەبن بە شووکردنو هەر ئەوە یەکیك لە هۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشیی ئەیدزە چونکە کاتیك کور ناتوانێ ژن بینێو کچ ناتوانێ شوو بکا، شتیکی سروشتی‌یە بۆ دابین بوونی داوا جینسی‌یەکانیان روو دەکەنە کاری ناجایزو نائاسایی. ئامارەکان نیشان دەدەن کە ٨٪ی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشیی ئەیدز دەبن لە ریگای پیوەندی جینسی‌یەوە تووش دەبن. یان لە لایەکی دیکەوە گەنجو لاوی بیکار بۆ خۆخافلاندنو رابواردن روودەکەنە مەوادی بیهۆشکەرو هیندیك لەوانە لە ریگای لیدانی دەرزی لە رەگ ئەو مەوادە مەسرەف دەکەنو ئەوەش یەکیك لەو هۆکارانەیە کە مرۆڤ تووشی نەخۆشیی ئەیدز دەکا. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە بە پیی راپۆرتی شەبەکەی دووی تەلەویزیونی ئیران، بەرنامەی "گفتگوی خبری" لە وڵاتی ئیراندا ٦٤٪ ی موعتادان بە هۆی بەکارهینانی سورەنگ بۆ مەسرەفی مادده بیهۆشکەرەکان تووشی ئەیدز دەبنو ئەو نەخۆشی‌یە دەگوازنەوە. ئەم کارە زیاتر لە نیو زیندانەکانی ریژیمدا باوە. لە زیندانەکاندا بەستەی هیرۆئین بە ٣٠٠ هەزار تمەن دەست دەکەوێو دەکرێو موعتادان بە کەلك وەرگرتن لە سورەنگ و هیرۆئین تەزریق دەکەن.

بەپیی هیندیك ئاماری سالی ٧٥ ـ ٧٤ لە یەکیك لە زیندانەکانی ریژیمدا تاقیکاری لەسەر ١٩٠٠ کەس لە زیندانی‌یەکان کراوە. لەو تاقیکاری‌یەدا هیچ ئاسەواریك لە ئەیدز نەبینراوە بەڵام هەر سالیك دواتر واتە سالی ٧٦ لە ٩٣٤ زیندانی ٨ کەسیان ئەیدزیان بووەو سالی ٧٨ لە ٧٠٠ زیندانی ١٨٠ کەس تووشی ئەیدز بوون. لە تاقیکاری‌یەکی دیکەدا لە ١٠٠٠ زیندانی ٧٦٩ کەسیان موعتاد بوون کە لەو رادەیە ٥٣،٥٪ لە سورەنگ کەلکیان وەرگرتوەو لە ١٢،٥٪یش تیغی هاوبەشیان بەکار هیناوەو ٦،٥٪ خالیان کوتاوەو ٥،٥٪ پیوەندیی جینسییان بووە. هەر بۆیە ئەو قسەیە لە جیی خۆی‌دایە کە بگوترێ زیندانەکان بوونەتە ناوەندی پەرەپیدانی نەخۆشیی ئەیدزو سیاسەتی نادروستو نابەجیی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ئابووریی وڵات ئەو وەزعەی پیك هیناوە. وەزعی خراپی ئابووریی وڵات بۆتە هۆی بیکاریو بیکاریش بۆتە هۆی رووکردنی لاوان لە مادده بیهۆشکەرەکانو لە ئاکامدا موعتاد بوونو موعتاد بوونیش بۆتە یەکیك لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ئەیدز.

بەو وەزعە لە نەخۆشخانەی "ئیمام خومەینی"ی (١٠٠٠ تەختی)ی، تەنیا ژووریکی سێ تەختی بۆ نەخۆشیی ئەیدز دیاری کراوە کە بەو حالەش ژوورەکە لە تەنیشت ژووری نەخۆشیی دیکە هەڵکەوتوەو هەموو کاتیك ترسی روودانی کارەساتی لی دەکرێ.

بەداخەوە ئەو نەخۆشی‌یە لە کۆمەلگای ئیراندا بە خیرایی‌یەکی چاوەروان نەکراو بڵاوبۆتەوەو لە مەیدانیك دەچێ کە بە مین چیندرابێو لە شەویکی ئەنگوستەچاودا بە نیویدا برۆیو لە هەر چرکەیەکدا چاوەروانی تەقینەوە بی.

سەرچاوەکان:

رۆژنامەی "نیمروز" ژمارە ٥٧٢
گۆڤاری "گزارش" ژمارە ١١٥
"ئەخباری شەبانگاهی" شەبەکەی دووی تەلەویزیونی کۆماری ئیسلامی شەوی ٣١ ـ ١٣٨١/٣/٣٠

## دریژەی مەواددی موخەددیر. . .

بارەیەوە لە کوردستاندا وەك ناوچەکانی‌تر نیە. ئیستا کە بۆ هەموو کەس دەرکەوتووە کە ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان نەك پیش بە بلاوبوونەوەی مەواددی موخەددیر ناگرێ بەلکوو تەنانەت لە ریگای دەیان تۆری دامەزراوی خۆیو ئۆرگانە ئەمنییەتیو ئینتیزامی‌یەکانیەوە مەواددی موخەددیر لە نیو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا بلاو دەکاتەوە. تا ئیستاش بەسەدان جار ئەم پیلانەی کۆماری ئیسلامی لەقاو دراوە. ریژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەچۆك داهینانو کوشتنی هەستی نەتەوایەتیو نیشتمانپەروەریو بەربەرەکانێ لەگەڵ داخوازە رەواکانی گەلی کورد لە هەموو کەرەستەیەك کەلك وەردەگرێو تەنانەت لە هیچ کردەوەیەکی دژی ئینسانیو ئەخلاقیش ناپرینگیتەوە. کاتیك ریژیم بەو راستی‌یە دەگا کە گرتن، کوشتنو زەبرو زەنگ ناتوانن پیش بە هەستی شۆرشگیریو خەباتگیریو خۆراگریی لاوانی کورد بگرن، لە ریگای جۆراوجۆرەوەو بە کەلك وەرگرتن لە هەموو ئامرازیك هەوڵ دەدا گیرۆدەی مەواددی موخەددیریان بکا. بە بەریوەبردنی ئەم پیلانە لە لایەك فشاری تەبلیغاتی نیوخۆو دەرەوە لە بارەی ئەو زەبرو زەنگەی کە دەینوینێ لە سەر خۆی کەم دەکاتەوەو لە لایەکی‌تریشەوە لەم تووشبوانە کە کاتی خۆی مەترسی‌یەکی زۆر گەورە بۆ ریژیم بوون، بە قازانجی خۆی کەلك وەردەگرێ. چونکە دەرکەوتوە کە ئینسانی موعتاد هەستو عاتیفەی نامینێ، غیرەتو عیزەتی نەفس لەدەست دەداو لە بەرامبەر مەسایلی سیاسیو دەوروبەری خۆیدا خەمسارد دەبێو تەنانەت بۆ دابینکردنی مەواددی پیویستی خۆی ئامادەیە هەر کاریکی پێ بسپیردرێ ئەنجامی بداو گەلیك جار ریژیم لەو کەسانە وەك ئامرازیك بۆ گەیشتن بە ئامانجە چەپەلەکانی خۆی کەلکی وەرگرتوە. ریژیم لە تیوەگلاندنی لاوەکان بەم مەوادده مالویرانکەرەیەدا جگە لەوەی مەبەستە گڵاوەکانی خۆی دەپیکێ، قازانجی ماددیو بازرگانیی زۆریشی دەست دەکەوێ. زۆر جاریش بە کەلك وەرگرتن لەو دۆخە کە خۆی بە خەباتگیری مەیدانی خەبات بە دژی مەواددی موخەددیر دەزانێ، نەیارانی خۆی لە ژیر ناوی قاچاخچی‌دا ئیعدام کردوەو لە هەر دوو لاوە بە مەبەستی خۆی گەیشتوە. جا بۆیە دەتوانین بلیین کە عامیلی فەساد، هەرگیز ناتوانێ بەرەنگاری فەساد بیتەوە! ئەوەش روونو ئاشکرایە تا سیبەری شوومی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئیران بێ، کۆمەلگای ئیران رۆژ بە رۆژ زیاتر لە فەسادا نوقم دەبێو کەسانی زیاتر گیرۆدەی داوی مەواددی موخەددیر دەبن.


سەرچاوە:

(١) رادیۆ بی بی سی ٨٠/٦/٤
(٢) هەمان سەرچاوە

# چەند هەواڵو راپۆرتی وەرزشی

ئامادەکردنی: ئەشکان

## لاوی بۆکانی لەسەر لوتکەی پینجەمین ترۆپکی جیهان



تیمی شاخەوانی (کوهنوردی)ی ئیران کە بۆ سەرکەوتن بەسەر لونکەی"لوتسە" هەلکەوتوو لە زنجیرە چیاکانی هیمالیا لە وڵاتی نیپاڵ چوو بوو، بەدوای چەند قۆناغدا گەیشتە سەر لوتکەی ئەم کیوە کە بەرزایی‌یەکەی ٨٥١٦ میترەو پینجەمین کیوی جیهانە.جیی باسە کە لە نیو تیمی ١٠ کەسیی شاخەوانیی ئیراندا، لاویکی بۆکانی بە ناوی "موقبیل هونەرپەژوو" تەمەن ١٨ سالە وەبەرچاو دەکەوێ کە لاوترین ئەندامی ئەو تیمەیە. ناوبراو خویندکارە لە زانستگەی فەننیی شاری ورمێو لە "تیست" ئەزموون)ەکانی فیدراسیۆنی شاخەوانیی ئیراندا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هینا، هەربۆیە وەك یەکیك لە ئەندامانی تیمی ١٠ کەسیی شاخەوانی ئیران دیاری کرا. لە کاتی گەرانەوە بۆ شاری بۆکاندا، "مقبل هنرپژوە" لەگەڵ پیشوازیی گەرمی خەلکی ئەو شارە بەرەوروو بوو.

## عەبدوڵڵا چەمەن گولیو سەرکەوتنیکی گەورە

پیشبرکیی قارەمانیی زۆرانیی شانو ملی (فەرەنگی) لاوانی ئاسیادا کە لە کۆتایی‌یەکانی مانگی جۆزەردان لە شاری مەشهەدی ئیران بەریوە چوو، تیمی ئیران پلەی قارەمانی وەدست هینا. ئەو سەرکەوتنە بەرهەمی زەحمەتەکانی راهینەری ئەم تیمە عەبدوڵڵای چەمەن گولی بوو. چەمەن گولی یاریزانی پیشووی ٦٨ کیلۆیی زۆرانیی شانو ملی ئیرانە کە چەندین میدالی جۆراوجۆری لە ئاستی ئاسیاو نیونەتەوەیی‌دا وەدەست هیناوە. پیویستە بگوترێ کە ناوبراو خەلکی شاری سەقزەو لەگەڵ محەممەدی برای‌دا لە بەرەوپیش چوونی زۆرانیی کوردستان‌دا نەقشی بەرچاویان هەبووە.


## پینگ پۆنگی ئیران لە پاوانی "رەحمەت پەنا"دا

سەرەتای بەهاری ئەم ساڵ "بیهنام رەحمەت پەنا" یاریزانی ٢٦ سالەی پینگ پۆنگی سنە لە پیشبرکیی قارەمانیی ئیران، بە دوای سەرکەوتن بە سەر تەواوی بەشدار بوواندا دیسان پلەی قارەمانەتیی لە ئیراندا وەدەست هینا. ناوبراو لە سالەکانی ٧٦و ٧٩شدا ئەو پلەیەی وەدەست هینابوو.

ئەوەی کە جیگای سەرنجە ئاستی پینگ پۆنگی شاری سنە لە ئیران دایە. ئەگەر بە میژووی یاری‌یەکانی قارەمانیی ئیراندا بچینەوە دەبینین لە سالی ٥٨ەوە تا سالی ٨٠، لە ٢١ خولی قارەمانیی ئیران (سالی ٦٠ بەریوە نەچووە) یاریزانانی پینگ پۆنگی سنە ٦ جار پلەی یەکەمی ئیرانیان وەدەست هیناوەو چەندین جاریش پلەی دووهەمو سیهەمیان وەدەست هیناوە. رەحمەت پەنا تەنیا کەسیك بووە کە سێ جار پلەی یەکەمی ئیرانی وەدەست هیناوە. بە دوای ئەودا "فواد کاسب" خەلکی سنە، ئیحتشامزادە، عالەمیانو نیعمەتی، هەرکامیان دووجار پلەی یەکەمیان وەدەست هیناوە.

یاریزانانی پینگ پۆنگی شاری سنە سەرەرای بێ ئیمکاناتیو پێرانەگەیشتنی بەرپرسانی وەرزشی بەو شارە، هەموو کات لە یاری‌یەکانی پینگ پۆنگی ئیران لە ئاستیکی زۆر بەهیزدا بەشدار بوونو یەکیك لە پلەکانی یەکەم تا سیهەمیان وەدەست هیناوە. لە دەیەی ٦٠ یاریزانانی وەك "فواد کاسب"، "جەمیل لوتفوڵلانەبی"، "فەرید فەرەجپووری"و هتد، ئیستاش بیهنام رەحمەت پەنا ئەو شانازی‌یەیان وەدەست هیناوە. ئەم راستی‌یە نیشان دەدا کە ئەگەر کوردستان لە بواری وەرزشی‌یەوە کاری ژیر بینایی لیبکرێو پیویستی‌یەکانی بۆ دابین بکرێ، نەتەنیا لە ئاستی ئیراندا بەلکوو لە ئاستی جیهانیش‌دا سەرکەوتن وەدەست دینێ.

## تەنیا یاریزانی کورد لە جامی جیهانی‌دا



لەم رۆژانەدا کە جیهان کەوتۆتە ژیر شوینەواری بەریوەچوونی جامی جیهانیی فووتبالْ، بە هەلیکی باشمان زانی تا لە سەر تەنیا یاریزانی کوردی بەشدار لە میژووی جامی جیهانی‌دا چەند دیریك بنووسین. تا ئیمەی کوردیش دلمان بەخۆمان نەسووتێو لە یاری‌یەکانی جامی جیهانی‌دا، خۆمان بەبێبەش نەزانین.

"بیژەنی زولفەقار نەسەب"، یاریزانی پیشووی تیمی ئیران لە گەرەکی چوارباغی سنە لە دایك بووەو خەلکی ئەو شارەیە. ناوبراو لە ماوەیەکی کورت‌دا لیهاتوویی خۆی دەرخستو بۆ ماوەی چەند ساڵ لە یانەی پریسپۆلیسی تاران یاریی کردو یەکیك لە یاریزانە سەرەکی‌یەکانی ئەو یانەیە بوو. هەربۆیە لە لایەن راهینەرانی تیمی ئیران بۆ بەشداری کردن لەو تیمەدا بانگهیشتن کرا. زولفەقار نەسەب لەگەڵ تیمی ئیران لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا (١٩٧٦) بەشداری کردو بوو بە قارەمانی ئەو جامەو دووساڵ دواتریش بە دوای سەرکەوتن لە یاری‌یە سەرەتایی‌یەکانی جامی جیهانبی ١٩٧٨ی ئارژانتین‌دا، لەگەڵ تیمی ئیران لەو جامەدا بەشدار بووو لە هەر سێ یاریی ئیران لەگەڵ هولەند، ئیسکاتلەندو پیرۆدا بەشداری کردو ناوی خۆی وەك تەنیا یاریزانی کوردی بەشدار لە جامی جیهانی‌دا بردە نیو میژووی ئەم یاری‌یانەوە.

زولفەقار نەسەب بە دوای وازهینان لە یاری کردن رووی لە دریژەدان بە خویندن کردو لە زانستگەکانی بیلژیك‌دا، دوکتورای لە "علوم تربیت بدنی" (زانستی راهینانی لەش)دا وەرگرتو پاشان رووی کردەوە ئیرانو پیشەی راهینەریی گرتە ئەستۆو لە ماوەیەکی کورت‌دا، وەك یەکیك لە راهینەرە سەرکەوتووەکانی ئیران ناوبانگی دەرکرد. راهینەری یانەکانی گوستەریشی تاران، پاسی تاران، تەراکتۆر سازیو شەهرەداریی تەوریزو مسی کرمان بووەو لەم دوایانەش‌دا ریککەوتنیکی لەگەڵ یانەی پەیکانی تاران مۆر کردوە تا لە وەرزی داهاتوودا، وەك راهینەری سەرەکیی ئەم یانەیە لە لیگی حیرفەیی‌دا بەشداری بکا.

شانازی‌یەکی دیکەی زولفەقار نەسەب، بەشداری لە جامی جیهانی ١٩٩٨ی فەرانسەدا بوو. بەڵام ئەم جارەیان وەکوو راهینەر. ناوبراو لەگەڵ جەلالی تالیبی تیمی ئیرانیان لەو جامەدا راهینەری کرد. بەم جۆرە وەك تەنیا یاریزانی ئیرانی کە هەم وەك یاریزانو هەم وەك راهینەر لە جامی جیهانی‌دا بەشداری کردوە ناوبانگی دەرکرد.


## "بڵاوبوونەوەی مەواددی موخەددیر لە ئیران دا"

بەفرانباری سالی ١٣٨٠ (ژانویەی ٢٠٠٢) نامیلکەیەك لەژیر ناوی "مەواددی موخەددیر (ماددە بیهۆشکەرەکان)و بڵاوبوونەوەی لە ئیران دا" لە نووسینو ئامادەکردنی هاورێ "میهدی بەدری" چاپو بڵاو بۆوە. لەم دوایانەدا جاریکی دیکەش ئەو نامیلکەیە بڵاوکرایەوە. بە دەرفەتمان زانی بەبۆنەی "رۆژی جیهانیی بەربەرەکانی لەگەڵ مەواددی موخەددیر" لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا چاوخشاندنیکمان بەسەر ئەو نامیلکەیەدا هەبێ:

بەشی یەکەمی ئەم نامیلکەیە تەرخان کراوە بۆ میژوویەکی کورتی مەواددی موخەددیرو جۆرەکانی، شوینەواردانانی مەواد لەسەر لەش، قۆناغەکانی تووشبوونو بەکارهینانی مەوادو... چەند بابەتیکی دیکەکە لە پیوەندی لەگەڵ مەواددی موخەددیر دا هاتوون.

لە بەشی دووهەم دا رادەی بڵاوبوونەوەی مەواددی موخەددیر لە ئیران دا هاتوەو لەو پیوەندی‌یەدا گوتراوە:

"بە پیی ئاماریکی رەسمی کە ریژیم بڵاوی کردۆتەوە، لە حەشیمەتی ٦٠ میلیۆنیی ئیران دا، ٢٪ مەواددی موخەددیر بەکار دینن. هەروەها بە پیی سەرچاوەکانی دیکە کە بەریوەبەرانی ریژیم بڵاویان کردۆتەوە، ١٠٪ لە حەشیمەتی ئیران مەواددی موخەددیر بەکار دینن. لە لایەکی دیکەوە "د. ئەنساریی راد" سەرۆکی ریکخراوی "بهزیستی" رایگەیاند کە چوونەسەری ژمارەی تووشبووان بە مەواددی موخەددیر لە ئیران دا پینج بەرابەری چوونەسەری حەشیمەتی ئیرانە. تەمەنی تووشبووان لە نیوان ١٨ تا ٤٥ ساڵ دایە. سەدی ٨٠ی تووشبووان لە لاوانو کەسانی کەمتر لە ٣٠ ساڵ پیك هاتوە. دیاردەیەك کە زۆرتر دەبیتە جیگای نیگەرانی ئەوەیە، جگە لەوەی ژمارەی تووشبووان تا دێ زیاد دەبێ، تەمەنی گیرۆدە بوون




بە مەوادد هاتۆتە خوارو تەنانەت زیاد لە بەکارهینانی تریاك و حەشیش روویان کردۆتە هیرۆئینو تەمەنی تووشبووان بە مەواددی موخەددیر لە ئیران دا گەیشتۆتە ٢٧ ساڵ."

لە بەشیکی دیکەی ئەم نامیلکەیەدا سەبارەت بە هۆیەکانی گیرۆدە بوون بە مەواددی موخەددیر هاتوە:

". . . بە پیی ئاماری "سازمان بهداشت جهانی" ٥ میلیۆن کەس لە ئیران تووشی غەمو پەژارەی رووحی بوون، هەروەها ١٠٪ لە قوتابییان ئالۆزیی فیکریو رەوانییان هەیەو. . . بەشیکی زۆریان لەبەر نەبوونی ئیشو کار، روو دەکەنە کاری ئازادو قاچاغ وەك: موعامەلەی مەواددی موخەددیرو کرینو فرۆشتنی شتومەکی قاچاغ. ژیان لە ئیران دا، زۆر سەختو دژوارەو پیداویستی‌یەکانی ژیان، زۆر گرانو بەشیکی زۆر لەو خەلکە بەو داهاتە کەمە ناتوانن ژیانی خۆیان بەریوە بەرن. هەربۆیە زۆربەیان چەند ئیشو کار (شغل) یان هەیە.

باوك لەبەر گرفتەکانی ژیان ناتوانێ لەسەر تەربییەتو بارهینانی مندالەکان نەقشی هەبێ. زۆربەی ژنەکانیش، شان بە شانی پیاوەکان کار دەکەن تا کەلینیك لە کەمو کوری‌یەکانی ژیان پر بکەنەوە. زۆر کەسی دیکە لە ریگای نادروستەوە وەك: دزی، فەساد (خۆفرۆشی)، وەرگرتنی بەرتیل (بە تایبەتی لە ئیدارەکان) ژیانی خۆیان بەریوە دەبەن، ریژیمیش لەو پیوەندی‌یەدا، ریگاچارەیەکی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کۆمەلگای ئیرانی نیەو زۆرتر لەنیو دروشمە سیاسییەکانی‌دا ماوەتەوەو لەبەر ناکۆکیی نیوخۆیی خۆیان ئاگایان لە ژیانی خەلکی نیە.

ئەو گیروگرفتانەی کە باس کران، هەموویان پیکەوە دەبنە هۆی پیکهاتنی نارەحەتیی فیکری و رەوانی لە نیو خەلکی ئیران، بە تایبەتی لەنیو لاوان داو شوین لەسەر هیزی کاری وڵاتەکەمان دادەنین کە تەمەنیان لە نیوان ١٨ تا ٤٥ سالەو بەرە بەرە بەرەو فەسادو بەرەو لارییان دەبات."

لە نامیلکەی ناوبراو دا هەروەها لەباری نەقشی کۆماری ئیسلامی لە بڵاوبوونەوەو پەرەپیدانی مەواددی موخەددیر دا هاتوە:

"ریژیمی کۆماری ئیسلامی وا نیشان دەدا کە دژ بە مەواددی موخەددیرو بڵاوبوونەوەی لە ئیران دایە. هەربۆیە بە پروپاگەندەی زۆر لە رادیۆو تەلەفزیۆن، چاپەمەنی‌یەکانو کۆرو کۆبوونەوەکانی نیو دەولەتی، هەروەها سووتاندنی مەوادد لەبەرچاوی خەلكو جاروبار ئیعدامی خەلکی بە تاوانی قاچاغی مەوادد، ویستوویەتی خۆی دژ بە بەکارهینانو قاچاغی ئەو بەڵایە نیشان بدا. بەڵام راستی‌یەکان شتیکی دیکە نیشان دەدەنو ریژیم بە کەمتەرخەمیو بێبەرنامەیی لە کاروباری ئابووری، خەرج کردنی داهاتی نەوت لە ریگای "صدور انقلاب"و. . . هتد دا وەزعیکی وای پیك هیناوە تا مەواددی موخەددیر بە ئاسانی بیتە نیو ئیرانو بە شیوەیەکی زۆر ئاسایی بڵاو بیتەوەو لاوان بەکاری بینن. بە پیی بریاریك کە بەشی قەزایی ریژیم لە پیوەندی لەگەڵ مەواددی موخەددیردا دەری کردوە، هەرکەس زیاتر لە ٥ کیلۆ تریاكو ٣٠ گرەم هیرۆئینی پێ بیت، حوکمی ئیعدامی هەیەو لەوە کەمتریش زیندانی دریژخایەنو جەریمەی قورسی هەیە. ئەوەی راستی بێ، ئەو بریارانە تەنیا لە چوارچیوەی دروشمو نووسراوەدا ماوەتەوەو بەو شیوەیە بەریوە نەچووە. زۆربەی ئەو کەسانەی مەواددی موخەددیر بڵاو دەکەنەوە ئەفرادو بەکریگیراوی ریژیمنو لەلایەن خەلکەوە بە تایبەتی لە کوردستان دا ناسراون. زۆر جاریش لەلایەن هیزەکانی ریژیم کاتیك دەسگیر دەکرین بە دوای ماوەیەکی کورت دا ئازاد دەکرین.

بە گشتی مەواددی موخەددیر لە سێ ریگاوە لە ئیران دا بڵاو دەکریتەوە:

١ـ لە ریگای قاچاغچیانی مەواددی موخەددیر.

٢ـ لە ریگای کاربەدەستانو بەرپرسانی دەولەتەوە، بۆ قازانجی شەخسیی خۆیان.

٣ـ لە ریگای عەوامیلی تایبەتی ریژیم، کە دەیانهەوێ بە بڵاوبوونەوەی مەواددی موخەددیر بە هیندیك مەبەستی تایبەتیی خۆیان کە دژ بە گەلانی ئیرانن، بگەن.

لە دەرەوەی وڵات یارمەتی‌یە مالی‌یەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:

A.F.K.B.P.102  75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

**بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکراتو پیشکەوتووەکانی ئیران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 344 6 July 2002



بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب،

بڕاوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## بەر لە ماڵاوایی

## "خەڵکی نیشتمان جێ دێڵن
## من نیشتمان بەجێی هێشتووم"

**ع. وریا**

لە نێو ئەو هەموو بیرەوەری‌و قسەی خۆش‌و شێعرە جوانانەی کە دوانیوەڕۆی ڕۆژێکی سەرماوەزی ١٣٧٣ (١٩٩٤) لە بینایەی موزەخانەی گشتیی سلێمانی لە یەکەم دیدارم لەگەڵ مامۆستای نەمر شێخ حەسیبی قەرەداغی‌دا، لێم بیست، ناوی تازەترین شێعری ئەو کاتی، زیاتر لە هەموو وتەکانی لەگوێمدا زرینگاوەتەوە. ئێستاش هەرکات لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی کوردەواریی خۆمان دەفکرم‌و بەراوردێك لە نێوان ڕاستی‌یەکانی ئێستاو ڕابردوودا دەکەم، یەکەم شت کە بۆ تەعبیر کردن لە مەبەستی خۆم‌و ئەو وەزعەی لێی بەداخم، بە مێشکمدا دێ، وتەکەی شێخ حەسیبی نەمرە: "خەڵکی نیشتمان جێ دێڵن، من نیشتمان بەجێی هێشتووم".

★★★

باسی سەردەمە کۆنەکان ناکەم. هەر ٣٠ ـ ٢٥ ساڵ لەوەپێش ئەگەر بە شارێکی چەند هەزار ماڵیی وەك "شنۆ"دا گەڕابای‌و پرسیارت کردبا "ئەرێ لەم شارە چەند کەس تریاکی، شیرەیی‌و هێرۆئینین؟"، لە "میرزا "ئـ.پ"ی (عەریزە نووس)و "مەشەدیی کیسەکێشی حەمامی شەمسەددین" ویەك دوو کەسی دیکە زیاتر ـ کە هەموویان تریاکی بوون ـ ناوی کەسی دیکەت بەرگوێ نەدەکەوت. دڵنیام لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانیش‌دا، ژمارەی کەسانێك کە ئەوکات گرفتاری داوی ئەو جۆرە دەردو بەڵایانە ببوون، لە ژماری قامکەکانی هەر دوو دەست تێ‌نەدەپەڕین. لە زۆربەی نزیك بە تەواوی گوندەکانیش‌دا، ئەگەر پرسیارت کردبا "لێرە چەند کەسی موعتاد هەن؟" بە کێوانیان‌دا دەکردی. چونکە پێیان وابوو ئەم جۆرە "بیدعەت"و بەزم‌و عادەتانە هی پیرە ژاندارمەو هێندێك مەئمووری دەوڵەتی لە کوردستان‌و تاق‌و لۆقە "چەکمە ڕەق"ن، ئەوانیش بەشی زۆریان لە دێ نەدەژیان، ئەو تاق‌و لۆقانەش کە ماڵیان لە دێ بوو، بەزمی خۆیان کەمتر دێنایەوە دێ.

بەڵام ئێستا نەك لە شارە گەورەکان، نەك لە شارەکان‌و شارۆچکەکان، تەنانەت لە بەشێکی دێهاتی کوردستانیش، پێویست ناکا لەوبارەوە پرسیار بکەی. بەچاوی خۆت‌و بە ڕۆژی ڕوون دەبینی کە تریاك‌و هێرۆئین لە نێو مێرمنداڵانیش‌دا ئەم دەست‌و ئەو دەست دەکرێن، ئێستا لە چوارڕێیان‌و مەیدانە گشتی‌یەکانی ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی کوردستان‌دا فرۆشەران‌و کڕیارانی "مەواد" دەبینی‌و دەناسی‌یەوە. هەر بە دوو پرسیاری سەرپێیی ناوی ئەوانە دەزانی کە دەرگای ماڵی خۆیان بۆ کڕیاران‌و خوازیارانی تریاك‌و هێرۆئین خستۆتە سەر پشت‌و بێ هیچ ترس‌و نیگەرانی‌یەك جنسیان پێ‌دەفرۆشن. پارك‌و باغات‌و سەرکانی‌و دەم چۆم‌و گۆڕستان‌و شیوو دۆڵەکانی کوردستانیش بوون بەو جێگاو مەکانانەی، لاوان‌و مێرمنداڵان لەگەڵ هەر مژێك‌دا سلامەتی‌و ئاوات‌و داهاتووی خۆیانیان لێ بەبا دەدەن. قوتابخانە ئەو شوێنە پیرۆزەی بە بیری ئێمەو نەسڵەکانی پێش ئێمە مەوادی موخەددیر هەرگیز ڕێی تێ‌نەکەوتبوو؛ کچی کورد، کە بە شاهیدیی مێژوو تا پازدە بیست ساڵ لەمەوپێش، هیچ کەس نەی دیبوو نەی بیستبوو ئەو ژارەی بەکار هێنابێ، ئەمڕۆ ئەوانیش تێوە گلاون.


هێندێك دیاردەی نەخوازراو‌و نەخۆشیی کۆمەڵایەتیی دیکەش لە کوردستان‌دا، وردە وردە خەریکن وەدیار دەکەون. ئەگەرچی ئەو دیاردەو نەخۆشی‌یە نوێیانە وەك بەڵای گیرۆدەیی بە تریاك‌و هیرۆئین، پەرەیان نەگرتوە، بەڵام هیچ دەلیلێك نیە کە ئەوانیش بەزوویی‌و بە خێرایی گەشە نەکەن‌و لە ئاستی میللی‌دا نەبن بە مایەی نیگەرانی‌و مەترسی. خۆکوشتن‌و خۆسووتاندنی ژنان‌و کچان، لاواز بوونی سۆزو عاتیفەی ئینسانی‌و کەمڕەنگ بوون‌و لەبرەو کەوتنی زۆر داب‌و نەریتی ڕەسەن‌و پیرۆزی کۆمەڵایەتی لە نێو ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆمەڵ‌دا، لەق‌و لەرزۆك بوونی بناغەی بنەماڵەو لێك هەڵوەشانی بەهاسانیی بنەماڵەکان، خۆژیاندن‌و پوول پەیدا کردن بە زۆر ڕێگای نامۆو نەگونجاو لەگەڵ ئەخلاقیات‌و فەرهەنگی کوردەواری‌دا، لەو دیاردانەن.

شتێکی زۆر سروشتی‌یە کە بە تێپەڕ بوونی زەمان‌و لەگەڵ گۆڕانی نیزامی سیاسی‌و وەزعی ئابووری‌و بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا، شێوەی ژیانی مرۆڤەکان‌و خوو و خدەو داب‌و نەریت‌و هەڵسوکەوتیان، گۆڕانی بەسەردابێ. لەوەش‌دا هیچ گۆمانێکم نیە کە زۆربەی نەخۆشی‌و دیاردە کۆمەڵایەتی‌یە نەخوازراوەکانی کۆمەڵگەی ئێران‌و کوردستانی ئێران، ئاکامی ڕاستەوخۆی زیاتر لە دوو دەیە دەسەڵاتدارەتیی دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستی‌و بەرهەمی سیاسەت‌و بەرنامە دژی گەلی‌و چەوتەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین. بەڵام خۆ ئەو ڕاستی‌یانە هیچ لەوە ناگۆڕن کە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستان بەو دیاردەو نەخۆشی‌یانەوە، نە کوردەواری‌یەکەی جارانە، نە ئەوەیە ئارەزوومان دەکرد ببێ. جا نازانم "من لە نیشتمانی خۆم ڕۆیشتووم، یا نیشتمان بەجێی هێشتووم"؟!

بەوحاڵەش کە دەبینم سەرچاوەی زۆربەی قەیران‌و گیروگرفتەکانی کۆمەڵ کە کۆماری ئیسلامی‌یە ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەکەوێتە بەر ڕق‌و تووڕەیی خەڵك‌و، ئیرادەی هاونیشتمانان لە کوردستان‌و سەرانسەری ئێران بۆ لەکۆڵ خۆکردنەوەی ئەو ماکەیەی فەسادو ڕۆژ ڕەشی، تا دێ بەهێزتر دەبێ، تروسکەی هیوا بەدی دەکەم‌و ناهێڵم تەمی ناهومێدیم بەسەر دابکشێ.

## بڕێزیل قارەمانی جامی جیهانی‌و ڕۆناڵدۆ باشترین گۆڵکەر

**ڕۆژی یەك شەممە ١٣٨١/٤/٩، یاریگەی "یوکوهاما"ی ژاپۆن، یاریی کۆتایی حەڤدەهەمین جامی جیهانی**
**بڕێزیل ٢ ـ ئاڵمان ٠**
**ڕۆناڵدۆ (دەقیقەی ٦٧،٧٩) بۆ بڕێزیل.**
**ناوبژیوان: پیر لویجی کولینا (ئیتالیا)، بینەر ٧٠ هەزار کەس.**



به بەڕێوەچوونی یاریی بڕێزیل‌و ئاڵمان، حەڤدەهەمین خولی جامی جیهانیی فووتبال بە دوای ٦٤ یاری‌دا کۆتایی ێهات‌و بڕێزیل بۆ جاری پێنجەم مەقامی قارەمانیی دنیای وەدەست هێنا. لەم جامەدا کە بە جامی یاریی چاوەڕوان ەکراو ناونراوە، بۆ هەمووان دەرکەوت کە بڕێزیل هێشتا هێزی سەرەکیی فووتباڵەو شایانی ناوی قارەمانی جیهانە.

یاریکەرانی ئاڵمان تا دەقیقەی ٢٠ی یاری لە چەند هەڵدا، دەروازەی بڕێزیلیان خستە بەر هێرشی خۆیان. بەڵام ەوە بەدوا، ئەوە بڕێزیل بوو کە تۆپ‌و گۆڕەپانی گرتە دەست‌و بە یاریی جوان‌و تکنیکی یاریزانانی خۆی وەك: ڕۆناڵدۆ، ریوالدۆ، ڕۆناڵدینهۆو . . . هتد، چەندین هەلی گۆڵیان بۆ هاتە پێش کە هەموو جارێ بە لێهاتوویی‌و وریایی "ئۆلیوێر کان" گۆڵچیی ئاڵمان ئەو هەلانەیان لێ وەرگیرا. گەمی یەکەم ٠ ـ ٠ کۆتایی پێ‌هات. لە گەمی دووهەم‌دا تیمی ئاڵمان ە چەند هێرشێك دەستی پێ‌کرد، بەڵام دیسان بڕێزیل وردە وردە بە سەر یاری‌دا زاڵ بۆوەو بە دوو گۆڵی یاریزانی بەناوبانگی خۆی (ڕۆناڵدۆ) لە خولەکانی ٦٧، ٧٩دا، ئەم یاری‌یەی ٢ـ ٠ لە ئاڵمان بردەوە تا بۆ پێنجەمین جار قارەمانی لە ئاستی جیهان‌دا وەدەست بێنێ. پێویستە بگوترێ ڕۆناڵدۆ بەو دوو گۆڵە هەم بڕێزیلی کردە قارەمان، هەم خۆی وەك باشترین گۆڵکەری جام (٨ گۆڵ) ناساند.

دوای کۆتایی هاتنی ئەم یاری‌یە لە کاتێك‌دا کە بڕێزیلی‌یەکان لە پێستی خۆیان‌دا جێیان نەدەبۆوەو ئاڵمانی‌یەکانیش غەم‌و پەژارەیەکی زۆر دای‌گرتبوون، لە لایەن ژۆزێف سێپ پلاتێر سەرۆکی فیفا (فیدراسیونی جیهانیی فووتبال) جامی جیهانی پێشکەش بە "کافۆ" کاپیتانی بڕێزیل کرا (کافۆ بۆ جاری سێهەم بوو لە یاریی کۆتایی‌دا بەشدار دەبوو ٢٠٠٢،٩٨،٩٤) تا بۆ چوار ساڵ بڕێزیل پارێزەری جام بێت.

ڕۆژی پێشتریش لە یاریی ریزبەندی‌دا، تورکیە ٣ ـ ٢ لە کورەی باشووری بردەوە تا پلەی سێهەم بە ناوی تورکیە بنووسرێ.

لە سەر یەك لەو جامەدا ٦٤ یاری بەڕێوە چوون کە ١٦١ گۆڵ تۆمار کران‌و ڕێژەی گۆڵ بۆ هەر یاری‌یەك ٢/٥٢ بووە.







**باشترین هێرشبەر:** بڕێزیل بە ١٨ گۆڵ.
**باشترین بەرگری:** ئاڵمان لە ٧ یاری‌دا تەنیا ٣ گۆڵی لێ درا.
**لاوازترین هێرشبەر:** فەرانسە، چین‌و عەرەبستان لە سێ یاری‌دا گۆڵیان نەکرد.
**لاوازترین بەرگری:** عەرەبستان لە سێ یاری‌دا ١٢ گۆڵی لێ کرا.
**باشترین گۆڵکەری جام:** ڕۆناڵدۆ (بڕێزیل) بە ٨ گۆڵ.
**باشترین یاریزان:** ڕۆناڵدۆ (بڕێزیل).
**باشترین گۆڵچی:** ئولیوێر کان (ئاڵمان).
**خێراترین گۆڵی جام:** گۆڵی "هاکان شوکور" (تورکیە) کە لە سانیەی ١١ی یاریی ریز بەندی‌دا دەروازەی کورەی باشووری کردەوە. ئەم گۆڵە وەك خێراترین گۆڵی مێژووی جامیش نووسراوە.
**بێ‌نەزمترین تیم:** تورکیە بە ١٥ کارتی زەردو ٢ کارتی سوور.
**بەنەزمترین تیم:** بێلژیك تەنیا ٧ کارتی زەردی وەرگرت.
**ڕادەی کارتی زەرد لەم یاری‌یانەدا:** ٢٥٢ دانە.
**ڕادەی کارتی سوور:** ١٧ دانە.
**چاوەڕوان نەکراوترین ڕووداو:** حەزفی فەرانسە لە قۆناغی یەکەم.

ئامادە کردنی: پێشڕەو

## بڵاو بوونەوەی هاوکاتی ژمارەی تازەی "ژنان"و "لاوان"



لەگەڵ تەواو بوونی وەرزی بەهارو دەست پێکردنی هاوین، ژمارە تازەکانی دوو گۆڤاری "ژنان"و "لاوان"، هاوکات‌و دست لەنێو دەستی یەکتردا، چوونە ژوانی خۆشەویستان‌و ئازیزانیان. هەروەها ژمارەی تازەی ئەم گۆڤارانە، لە بەرگی ڕەنگی‌داو دیسانەکە بە کۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆرو تازەوە، بڵاو بوونەوە.

لە ژمارە ٢ی گۆڤاری "ژنان"دا، وتوویژی ئەم گۆڤارە لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات لەسەر ماف‌و ئازادی‌یەکانی ژنان‌و تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان‌و گۆڤارە تازەکەیانەوە، چەند وتارو بابەت لەپێوەندی لەگەڵ دیاردەکانی خۆسووتاندن، تەڵاق، ژنبەژنەو



گەورە بە چووکەدا، کۆمەڵێك هەواڵ‌و ڕاپۆرت لەبارەی تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان‌و ژیان‌و تێکۆشانی ژنان لە ئێران‌و جیهان‌و پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی منداڵانەوە، دەخوێنینەوە.

ژمارە ١١ی "لاوان"یش جگە لە بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە یەکەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ـ ئورووپا، چەندین بابەتی جۆراوجۆر (وتار، وتوویژ، ڕاپۆرت، ڕیپۆرتاژو بابەتی ئەدەبی)ی تایبەت بە لاوانی تێدان. دەسخۆشی بە بەڕێوەبەرانی ئەم دوو گۆڤارە دەڵێین‌و بەردەوامی، سەرکەوتن‌و بەرەوپێشچوونی زیاتریان بە ئاوات دەخوازین.

## مرواریی دەریای وشە

**ترس‌و چاوەڕوانی دوو پاسەوانی جەهەننەمن کە لەم دنیایەدا مەئمووری ئازاردانی مرۆڤن.**

"گاندی"

**سەرچاوەی سەرەکیی خورافات ترسەو سەرچاوەی ڕاستەقینەی زۆرداریش هەر ترسە، زاڵبوون بەسەر ترس‌دا، سەرەتای زانایی‌یە.**

بێرتراند راسێل

**قارەمان کەسێکە کە بتوانێ ترسەکەی بکا بە ئێنێرژی‌یەکی بەکەڵك، یا بە سەری‌دا زاڵ بێ.**

دوکتور ئا.س.نیل (نووسەرو پەروەردەکاری ئینگلیسی)

**هێندێك کەس تەنیا دەسکەوتێکی کە لە سەروەت‌و سامانی خۆیان دەستیان کەوتوە، ترسی لەدەستدانیان بووە.**

ئانتۆنی ریوارۆلی، ژورنالیستی فەرانسەیی